# مێژوو، سەرهەڵدان و بنەمای بزاڤی تەغریبی (لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردی)دا

م. یاریدەدەر.بهزاد فتاح خورشید
پەروەردە.ق.دکتۆرا.ز.کۆیە
bahzadfatah425@gmail.com

پ.د.عوسمان حمد خضر دەشتی
زانکۆی کۆیە
osman.hamad@koyauniversity.org

**پوختە:**
ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی (مێژوو، سەرهەڵدان و بنەمای بزاڤی تەغریبی) لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا، ئاشکرایە بزاڤی تەغریبی وەکوو جووڵانەوەیەکی ئەدەبی لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ز لەلایەن هەرسێ ڕووناکبیر و نووسەرانی نوێخوازی شاری هەولێر و کۆیە بەناوەکانی (ڕۆستەم باجەلان، د. کەمال معروف، عەباس عەبدوڵڵا) دامەزرا. لە شاری هەولێر لە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٥/٢٨ لەژێر ناو نیشانی (بەرەو بزاڤی تەغریبی) بەیاننامەی خۆیان بڵاو کردەوە. هەر لە بەرایی بەیاننامەکەیان ئاماژەیان بەوە کردووە دەڵێن: (ئەم بوونەرەوە لە ڕووناکیدا لە دایک دەبێ بە ئارەزووی خۆیەوە بەرەو تاریکی هەنگاو دەنێ). ئەمانە لە گۆشەنیگای ئەدەبی خۆیانەوە هەوڵیان داوە بەشداری لە ژیانی تاکی کورد بکەن. لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا کارێکی ئەدەبی خۆماڵی بە ئەنجام بگەیەنن. باس لەو گیروگرفتانە بکەن لە دوای ڕاپەڕین لەنێو ژیانی خەڵکی کوردستان خوڵقاوە، هەروەها شانبەشان لە گەڵیاندا هەنگاو بهاوێژن بۆ وەدەرخستنی ڕووی ڕاستیی ئەو واقیعەی تاکی کورد تیایدا گوزەر دەکات. یەکێک لەو خاڵە جەوهەریانەی کە لەلایەن بزاڤی تەغریبییەوە لە ڕووی ئەدەبییەوە گرنگیی زۆری پێ دراوە، هەڵبژاردنی چەمک و زاراوەی (نامۆی)یە، چونکە ئەم چەمکە لە ڕووی فەلسەفی و ئەدەبییەوە ڕەهەندێکی فرەوانی هەیە، دەتوانێت لە زۆربەی کایەکانی کۆمەڵگە کار بکات، وەکوو لایەنی (سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئایینی، ڕۆشنبیری، ئەدەبی...)، ئەگەر سەیری بەرهەمەکانی ئەم ڕەوتە ئەدەبییە وەکوو (شیعر، پەخشان، چیرۆک....) بکەین، دەبینین زیاتر گرنگیان بە لایەنی نامۆیی داوە، بە تایبەت لە شیعرەکانیان، چونکە شیعر پانتاییەکی فرەوانی هەر چوار ژمارەی گۆڤارەکانی ئەم بزاڤەی داگر تووە. بەڵام زیاتر شاعیرانیان توانیوویانە ئەو حاڵەتە یان ئەو دیاردەیە دەرببڕن و لە ڕێگەی شیعرەکانییانەوە ئاماژەی پێ بکەن.
کلیلەوشە: بزاڤی تەغریبی، نامۆیی، یاخیبوون، نۆستۆلۆژیا، تاراوگە.

**پێشەکی**

کاتێــک بزاڤــی تەغریبــی وەک کایەکــی ئەدەبــی ســەری هەڵــداوە، ئەدەبــی کــوردی بــە قۆناغێکــی تایبەتیــدا تــێ پەڕیــوە، لــەو ماوەیــەدا دوای ڕاپەڕیــن هەنــگاوی ئــەوەی نــاوە خــۆی جیــا بکاتــەوە لــە ئەدەبــی نــوێ، زیاتــر ڕۆچۆتــە نــاو گیــرو گرفتەکانــی مــرۆڤ و کۆمەڵگــە، وەکــوو ئەدەبێکــی لایەنگیــرو شۆرشــگێرو هاوچــەرخ کاری کــردووە، نارازیبــووە لــەو هەڵســووکەوتانەی بــاری کۆمەڵگــەی کــوردی لــە ڕووی سیاســی و کۆمەڵایەتــی و ڕۆشــنبیری کــە تاکــی کــورد پیایــدا گــوزەری کــردووە، بۆیــە وەکــوو جووڵانەوەیەکــی ئەدەبــی ڕێــرەوی ئەدەبــی خــۆی گۆڕیــووە بــۆ لایەنــی یاخیبــوون و نامۆیــی، توانــی بەرهەمێکــی جوانــی ئەدەبیــمان پێشــکەش بــکات، لەگــەڵ واقیــع و ڕووی ڕاســتی ئەوســای کۆمەڵگــەی کوردیــمان بگونجێــت.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:**

کاتێــک بزاڤــی تەغریبــی لەدایــک بــووە، بــاری سیاســی و ئابــووری و ڕۆشــنبیریی میللەتــی کــورد پێــی ناوەتــە قۆناغێکــی تــری ژیــان، قۆناغێــک جیاوازبــووە لــەوەی پێشــووتر، کــە نەتوانــدراوە بــە ئــازادی بــژی و بــە ئــازادی بۆچوونــی خــۆی دەربڕێــت. ئەمــەش بووەتــە هــۆکارێ، کــە چەنــدان ڕەهەنــد و بۆچوونــی جیــا لــە دەروونــی ئەدەیــب و شــاعیرانمان پەنگــی خواردبوویــەوە، کــە لەترســی ئەشــکەنجە دان و پەتــی ســێدارە نەوێرایــنە دەری بــبرن، بــەڵام لەگــەڵ هەڵهاتنــی خــۆری بزاڤــی تەغریبــی ئەدەبــی کوردیــمان چەنــدان ڕاو بۆچوونــی جیــاواز ئاڵوگــۆر دەکــران و شــاعیران و نووســەران بەهــۆی ئــەو کەشــوهەوا ئازادیــەی ڕەخســا بــۆ هەرێمــی کوردســتان، چەنــدان بەرهەمــی جۆراوجــۆر بگــرە لــە (شــیعر، چەخشــان، چیــرۆک، وەرگێــران، بەرهەمــی منــداڵان...) لەلایــەن بزاڤــی تەغریبــی بڵاوکرانــەوە و وەکــوو بزاڤێکــی ئەدەبــی بــووە ڕێگــەی بایــەخ و ســەرنجی لێکۆڵەرانــی بــواری ئەدەبــی کوردیــمان.

**سنووری لێکۆڵێنەوەکە:**

ئــەم لێکۆڵینەوەیــە دەچێتــە خانــەی ئەدەبــی هاوچەرخــی کوردییــەوە، ئەگــەر ئەدەبــی نــوێ یاخــود نوێخــوازی بــە قوتابخانــەی گــۆڕان و هاوەڵانــی لــەدوای یەکەمیــن جەنگــی جیهانییــەوە دەســت پــێ بــکات، ئــەوا ئەدەبــی هاوچەرخــی کوردیــمان لــە باشــووری کوردســتان لــە دوای ســاڵانی حەفتــاوە دەســت پــێ دەکات، لەگــەڵ ســەرهەڵدانی بزووتنــەوە ئەدەبییەکانــی (کفــری، ڕوانگــە، پێشرەوییەکانــی هەولێــر) ئەمانــە بوونــە هەوێنێــک، کــە ئەدەبــی کــوردی شــەقڵی تــازەو نــوێ بەرهــەم بهێنێــت، (بزاڤــی تەغریبــی) یــش بێبــەش نەبێــت لــەو گۆڕانکارییانــەوە و بــە دەســتپێکێکی نــوێ لــە ئایدۆلۆژیــا و بیروهزرێکــی ســەردەمیانە، هەروەهــا فــۆرم و ناوەرۆکێکــی تــازە کار بــکات.

**گیروگرفتی لێکۆڵینەوە:**

کارکردنــی لــە ڕووی ئەدەبییــەوە لەگــەڵ بزاڤێــک، کــە خــاوەن بیــرو ئایدۆلۆژیایەکــی تازەیــە هــەروا ئاســان نابێــت، چونکــە ئاوێتەبوونــی بزاڤــی نــوێ و مۆدێرنیزمــەکان لــە زۆر ڕووەوە تێکــەڵ بــە بــزاڤ و ئایدۆلۆژیــای فەلســەفەی ئەدەبــی ڕۆژئــاوا بــوون، لەگــەڵ هەڵبژاردنــی ناونیشــانی بزاڤەکــە، دیــارە لــە لایەکــی تــر ڕەنگدانــەوەی چەمکــی نامۆییــە لــە بەرهەمەکانیــان بــە خاڵێکــی جەوهەریــی کارەکانیــان هەژمــار دەکرێــت. گومانــی لــەوەدا نییــە کۆکردنــەوەی بەرهەمەکانیــان و وەدەستخســتنی گۆڤارەکانیــان کارێکــی ئاســان نەبــووە.

**میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:**

سروشــتی لێکۆڵینەوەکــە وەســفیی شــیکارییە، لــە ڕوویەکــەوە هەوڵــمان داوە مێــژووی ســەرهەوڵدانی و ئامانــج و ســیماکانی لەگــەڵ ڕۆڵــی ئــەم بزاڤــە لــە ئەدەبــی هاوچەرخــی کوردیــدا ڕوون بکەینــەوە. پاشــان بــاس لــە ڕەنگدانــەوەی چەمکــی نامۆیــی بکەیــن لــە بەرهەمەکانــی نووســەر و شــاعیرانی ئــەم بزاڤــە، کــە بــە خاڵێکــی جەوهــەری دانــراوە.

**تەوەرەی یەکەم**

**ا- مێژوو، سەرهەڵدانی بزاڤی تەغریبی:**

لەلایــان هــەر ســێ شــاعیر و نووســەری نوێخــوازی شــاری هەولێــر و کۆیــە بــە ناوەکانــی (ڕۆســتەم باجــەلان، د. کەمــال مەعــروف، عەبــاس عەبدوڵــڵا) لــە شــاری هەولێــر ڕێکەوتــی ٢٠٠١/٥/٢٨ بەیاننامەیەکیــان لەژێــر ناونیشــانی (بــەرەو بزاڤــی تەغریبــی) بــڵاو کــردەوە. لــەم بەیانــە ئەدەبییــە ئامــاژە بــە کۆمەڵێــک دیدوبۆچــوون دەهەبنــەر ڕەوتەکانــی ئەدەبــی کــراوە

و لەوێش باس لە زەمینەی بزاڤی ئەدەبی تەغریبی دەکەن لە جوولانەوەی ئەدەبی کوردیدا بۆ ئەم مەبەستەش سەرەتایەکی گشتیی مێژووی تەغریبیان کردووەتە دەروازەیەک بۆ ئەم بەیاننامەیە. هەروەها لە بارەی بەیانەکەدا دەڵێن: ئەم بوونەوەرە لە ڕووناکیدا لەدایک دەبێت، بە ئارەزووی خۆیەوە بەرەو تاریکی هەنگاو دەنێت (ئاغۆک،٢٠١١،ل١٩٨)، لەبارەی زارەی (تەغریب) د.کەمال مەعروف دەڵێت: "بەلای ئێمەوە وشەی تەغریبی لەوشەی نامۆگەرایی بەرفرەوانتر و گشتگیرترە، هەرچەندە لەناوخۆیدا نامۆگەراییش دەگەیەنێ..." (ئاغۆک، ٢٠٠٣، ل٩١) واتە هەردوو وشەکە یەک مەبەستیان هەیە و ئامانج لێی گەیاندنی نامۆیییە لە ئەدەبدا، هەر لەم بارەیەوە مامۆستا (محەمەد وەسمان) دەڵێ: (وشەی التغریب دوو واتای هەیە): زاراوەیەکی نوێیە مەبەست چەشنێکی ڕۆژئاوایییە، لەلایەکی تر التغریب یان بێگانەخوازی یان ڕێچکەی ڕوو لە ڕۆژئاوا بە مانای نامۆبوون واتە (اغتراب) دێ، مامۆستا (ڕۆستەم باجەلان) پێی وایە "زاراوەی تەغریب ـــ چەندان چەمکی لێ دەبێتەوە، ئەم چەمکانە لە بازنەی موعاناتە فرەلا و فرەدیو و فرەڕووخسارەکانی خودگەرایی بوونەوەرەوە دەرناچن، ئەوانیش بە دەوری خۆیانەوەیە پێوەندییەکی بەتێنیان بە حاڵەتە نامۆگەراییەکانەوە هەیە..." (س. پ، ل٩١) بە شێوەیەکی گشتی ئەم نووسەر و شاعیرانە ئەزموونی خۆیان هەبوو لەبارەی شیعر و ئەدەبی ناوەوە و دەرەوە، شارەزاییان لە ئەدەبی ئەورووپاش پەیدا کردبوو، بە هۆی ئەوەی لە تاراوگە دەژیان دەیانزانی قۆناغی ئەدەبی ئەمڕۆ ئەوەی پێویستە بۆیە لەهەولێ ئەودابوون زاراوەی یاخود وشەی (نامۆ) بوون بگەێننە ناو ئەدەبی کوردیمان ئەمەش لەبەرئەم هۆکارانە: یەکەم: ئەدەبی کوردی پێویستی بەوشەیەکی واهەبوو، بۆ ئەوەی حەزو ئارەزووی شاعیر و نووسەرانی چیرۆک و ڕۆمانی کوردی پربکاتەوە، چونکە لەپێش ئەم کاتە وشەی (نامۆ) بوون ڕەگوریشەیەکی وای دا نەکوتابوو، کە ببێتە ڕێگەی سەرنج و بایەخی لێکۆڵەرەوانی ئەدەبی کوردیمان. (غوربەت و نامۆبوون) پێشتریش لای شاعیر و نووسەرانمان هەبووە، هەرلەئەدەبی کلاسیکیمان بگرە تاوەکوو ئەدەبی نوێی هاوچەرخیش شاعیرانی وەکوو (نالی، هێمن، حاجی قادر) بەهۆی کەمی شارەزای لەزاراوەکەو خود نەبوونی ئەزموونی شاعیر و نووسەرانمان بەرانبەر زاراوەی (نامۆ) یی دەرنگ گەیشتن بۆ ناو دونیای ئەدەبی ئێمە، تاوەکوو ئەوەبوو لە ئەدەبی دوای ڕاپەرینمان بە شێوەیەکی فرەوان لای شاعیر و ڕۆماننووس و چیرۆکنووسان بە شێوەیەکی بەربڵاو بلاوبوویەوە و لە تێکستە ئەدەبییەکان ڕەنگی داوەتەوە. کە بووەتە ڕێگەی بایەخی لێکۆڵەران و ڕەخنەگرانی بوارئەدەبی کوردیمان. دووەم: قۆناغی ئەدەبی دوای ڕاپەرین پێویستی بەوشەیەکی وا هەبوو، بۆ پرکردنەوەی ئەو کە لێنەی کە بتەوێت باس لە ئەدەبی ئەو سەردەمە بکەین. ئەمەش بە هۆی سەختی ئەو ژیانەی گەلی کورد لەو کاتەدا تێی کەوتبوو، بەهۆی ماڵوێرانی و دەربەدەری و شەری ناوخۆ ، ئەمانە هەمووی کاریگەری هەبوو بەسەر سیما و ناخی مرۆڤی کورد، نامۆ بوو بەو ژیانەی کەڕۆژانە تیایدا گوزەری دەکرد. نامۆ بوو بەدەست ئەو ئازارەی کە بەسەری دا سەپێنراو بوو، لەلایەکی تریش ئەو کەسانەی لە دەرەوەی وڵاتدا دەژیان تووشی غوربەت بووبوون، تووشی بێکەسی و لەغەمی کەسوکاریان بوون، چونکە تاکی کورد هەر لە دێر زەمانەوە فێری تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی و خزم خزمانێ و قەرەباڵغییە، بۆیە ژیان بەتەنیا لای ئەو هەروا کارێکی ئاسان نابێت، بۆیە نامۆ بوو بەو ژیانەی لە ئەورووپا دەژیا، ئەمەش بێگومان لای نووسەرانی (شیعرو چیرۆک و ڕۆمان) ڕەنگی داوەتەوە، هەروەها لای گۆرانی بێژەکانیش بە شێوەیەکی باش لە بارەی غەریبی گۆرانی گوتراوە........... هتد. سێیەم: دەتوانین بڵێین ڕۆشنبیر و ئەدەبیاتی کوردی تارادەیەک لە هەوڵی ئەوە بوونە هەندێک ئەزموونی ڕۆشنبیری جۆراوجۆر بگوازنەوە نێو جیهانی کۆمەڵگەی کوردی، بەڵام بە شێوەیەکی لاسایکەرەوەی داهێنەرانە نەوەکوو کوێرانە. هەر لەم بارەیەوە (محەمەد خدر مەولود) دەڵێ: "نامۆبوون غەریب بوونی شاعیران ماڵەکی تازە نییە وپێشینەیەکی قوڵی مێژووی هەیە. بەڵام شاعیر و نووسەرانی نێو بەیاننامەی (بەرەو بزاڤی تەغریب) (عەباس عەبدوڵلا

یوسـف، ڕۆسـتەم باجـەلان، د. کەمـال مەعـروف) دەیانـەوێ سـوود لـە بیرۆکـەو ڕێچەکەکانـی تەغریبـی و نامۆیـی مەنفـای خـودی شـاعیران و نووسـەرانی کـورد و غەیـرە کـورد وەربگـرن. خۆیـان تاڕادەیـێ نامۆیـی و غەریبیـان پێـوە دیـارە جـا چ لەژیانـەوە سـەرچاوەی گرتبـێ یـا لـە بەرهـەم و شـاکاری نووسـەر و شـاعیرانی دیکـە" (ئاغـۆک، ٣٨٥). هـەر لەبـارەی (غوربـەت) و (نامـۆ) بـوون حەمـە کریـم عـارف پێـی وایـە "غوربـەت و نامۆبـوون، حاڵەتێکـی تاکـە کەسـی هـەرە تایبەتـە و چ پێوانـە و پێوەرێکـی تەقلیـدی و تایبەتـی نییـە و ڕەنگـە لـە کەسـێکەوە بۆکەسـێک و لـە قۆناغێکـەوە بـۆ قۆناغێـک، تەنـات لـەلای هەمـان کەسـیش بگۆڕێـت و هەرغوربـەت و نامۆبوونێـک پێوانـە و پێـوەری خـۆی لەگـەڵ خۆیـدا بەرهـەم بهێنێـت و بێتـە ئـاراوە. بۆیـە دوور نییـە شـێوە و شـێوازی غوربـەت و نامۆبـوون بـە ئەنـدازەی کەسـە نامـۆ و غەریبـەکان زۆر وزەبەنـد بـێ و هـەر هەموویـان تەنیا لـە سـایەی خێوەتیـی زاراوەی غوربەتـدا بەمانـا گشـتییەکەی، یـەک بگرنـەوە" (ئاغـوک، ٢٠٠٣، ل٢٩) واتـە نامۆبـوون یاخـود غوربـەت حاڵەتێکـی تایبەتـی کـە بەسـەر مـرۆڤ دادێـت، هەندێـک جـار مـرۆڤ نامـۆ دەبێـت بـە شـوێن و ڕێگەیـەک بـە کەسـێک یـان بـە هەنـدێ شـتی کۆمەڵایەتـی، یاخـود ئـەو کەسـانەی کـە لـە تاراوگـەن لەبـەر هەنـدێ هـۆکار، وڵات و نیشـتمانی خۆیـان جـێ هێشـتووە، ئـەو بارودۆخـە سـەختەی کـە لـە وڵاتـی غەریبیـدا تێـی کەوتـوون، وێنەیەکـی سـامناک و غەماویـمان نیشـان دەدەن، ئەمانـە زیاتـر لـە ڕەهنـدی دەروونـی شـاعیر و نووسـەران ڕەنـگ دەداتـەوە و بەتێکسـتە ئەدەبییەکانیـان ڕووی ئـەو ناهەمواریـەی بـە زۆرەملـێ تێـی کەوتـوون، نیشـانمانی دەدەن. نامۆبـوون و غوربـەت ناکاتـە سـەر هەڵگرتـن و لـە کۆمـەڵ هەڵاتـن و ڕووکردنـە دەشـت و دەران. غەریـب و نامـۆ لەنـاو جەرگـەی خەڵکیـدا دەژی و دەچێتـە خەڵوەتـی خـودی خۆیـەوە. لەبـاری دەروونـی و فیکرییـەوە لـە کۆمەڵگـە دووردەکەوێتـەوە "دەقـاق" گوزارشـتی لـەم حاڵەتـە کـردووە و دەڵێـت: وەکـوو خەڵکـی جـل لەبەربکـە، وەکـوو ئـەوان بخـۆ، بـەڵام خاوەنـی نهێنـی خـۆت بـەو لـە نهێنیـدا لـەوان جیابـە... نامـۆ، بـە غەریبـی لەنـاو خەڵکیـدا دەژی ڕاسـتە لەبـاری کۆمەڵایەتییـەوە سـەر بەوانـە، بـەڵام لێیـان بێگانەیـە، نامـۆ لەجەسـتە لەوڵاتـی زێـدی خـۆی دایـە ، بـەڵام زۆر زۆر لێـی دوورە. نامـۆ لەگـەڵ خەڵکەکـەدا و لـە نـاو خەڵکەکـەدا هەڵناکات بۆیـە (جونەیـدی بغـدادی) یشـی گوزارشـت لێکـردووە کـە دەڵێـت: تەحەمولـی گۆشـەگیری ئاسـانترە لەخاترانـەی تێکـەڵ بـوون (س. پ. ل٣٠)

گرووپـی بزاڤـی تەغریبـی کاتێـک سـەری هەڵـدا، زیاتـر نووسـەرانی مەبەسـتیان ئـەوە بـوو خۆیـان جیـا بکەنـەوە لـەو گرووپانـەی کـە پێشـتر هەبـوون، وەکـوو گرووپـی ڕوانگـە و کفـری و گرووپۆکەکانـی کـە لـە شـاری هەولێـردا هەبـوون، نامۆبـوون و جیـا بوونـەوەش لـە بۆچوونـی نووسـەرانی پێشـووتر سـەرئەنجام دەبێتـە هـۆی جیـاواز و سـەرهەڵدانی بیـر و هـزری تـر، هەروەهـا دەبێـت پێشـوتر خـۆ ئامادەکردنێـک هەبێـت، بێگومـان ئەوانـەی خۆیـان کـردە خاوەنـی (بزاڤـی تەغریبـی) خـاوەن پاشـخانێکی ئەدەبـی بـاش بـوون.

**ب-بەیاننامەی و بزاڤی تەرغیبی**

بزاڤـی تەغریبـی پێوەندییەکـی بەتینـی بـەم جیهانـە سەیروسـەمەرەیەوە هەیـە و هـەوڵ دەدا پـەردە لەسـەر نهێنییەکانـی هەڵبداتـەوە و درز و بۆشـاییە مەعنەوییەکانـی ژیانیـش پـڕ بکاتـەوە...

دیـارە لـە نێـوان ئاسـمان و زەویشـدا بوونـەوەری هەمەڕەنـگ و هەمەجـۆر هەیـە، ئەم بوونـەوەرە لـە ڕووناکیـدا لـە دایـک دەبـێ و بەبـێ ئـارەزووی خۆیـەوە بـەرەو تاریکایـی هەنـگاو دەنـێ...

ڕووناکی، منداڵییە؛ تاریکییش، گەورەیی...

جێنـاوەکان، لـە نێـوان سـەردەمی منداڵـی و سـەردەمی بەسـاڵاچووندا وێنـەی بوونـی خۆیـان و ئێکسـوارە فرەدیـو و ڕووخسـارەکان دەکێشـن، ناویـان لـێ دەنێـن غەریـب غەریـب، ڕابـردووە، ئێسـتەیە، داهاتـووە.

غەریـب خـۆی لەخۆیـدا کەلەپووێکـی میکانزمییـە لەنـاو سـکی سـەردەمە تاریکەکانـەوە لەدایـک بـووە و هەمیشـە لـە گەشـەبوون و پاشـەگەردانی و نوێبوونەوەدایـە. دیـارە هیـچ یاسـایەکی داڕژاویـش نییـە شـاعیر یـان هونەرمەنـد یـان... لـە پەیکـەری گشـتیی چەمکـی مرۆڤایەتییـەوە دوور بخاتـەوە. چونکـە ئـەم حاڵەتـە قەبووڵکـراوە، پێوەنـدی بـە وجـوودی خۆیانـەوە هەیـە، هـەر بـەم پێیـە هەمـوو کەرستەکانی شیعر

و هونـەر لـە نـاوەوەی چێـوەی ئـەم غوربەتسـتانە گرتێبەربـووە بوونـــی خۆیـــان ئاشـــکرا دەکـــەن، بـــەڵام غوربەتســـتانی نوێخـــوازان وەک غوربەتســـتانی نانوێخـــوازان دیوەدەرنییـــە، بەڵکـــوو جیهانێکـــی خنکێنـــەری بـــێ ســـنوورە، ئـــەم جیهانـــە هـــاڵاو و تەمتورمانـــی لەبوونـــی خـــۆی لوولـــداوەو پێوەندیـــی بـــە فـــۆرم و حاڵەتـــی نـــاوەوەی ــ لاوعـــی یـــەوە هەیـــە..... داهێنـــەرای بەتوانـــا ئـــەو کەســـەیە دەتوانـــێ لـــە ئاوارەییـــەوە وێنـــەی شـــتەکان بکێشـــێ و لـــە ئاوەدانییـــەوە بـــە ڕاناوەکانیـــان ئاشـــنا بـــکا...

**پ ــ هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بزاڤی تەغریبی ئەدەبی:**

١. هاتنەئارایـــی واقیعێکـــی کۆمەڵایەتـــی و ڕۆشـــنبیریی خواســـتی بیرۆکەیەکـــی نوێـــی ئەدەبـــی دەکـــرد، لەگـــەڵ ڕۆژگاری ئەمـــڕۆدا بگونجێـــت.

٢. ســـەرهەڵدانی گۆڕانکاریـــی بـــاری ڕامیـــاری و ئابـــووری و ڕۆشـــنبیری لـــە کوردســـتاندا لـــە کۆتاییـــی ســـەدەی بیســـتەم، ئازادبوونـــی کوردســـتان و هەڵمژینـــی هـــەوای ئـــازادی لەلایـــان نووســـەرانەوە، بێگومـــان ئەمـــەش بـــووە هـــۆی کرانـــەوەی بیـــر و هـــزرو و هەوڵـــدان بـــۆ هێنانـــە کایـــەی چەمکـــی نـــوێ (تەغریـــب، نامۆیـــی...)

٣. ئـــەو کارەســـاتانەی بەســـەر گەلـــی کـــورددا هـــات کـــە شـــێوەیان لـــە داســـتان دەچـــوو، پێویســـتی بـــە هێنانـــی چەمکێکـــی تـــر بـــۆ گێڕانەوەیـــان لـــە ڕووی ئەدەبییـــەوە هەبـــوو.

٤. ســـەرهەڵدانی شـــەڕی ناوخـــۆ، شـــەڕی براکـــوژی، ئابلوقـــەی ئابـــووری و نەبوونـــی پێداویســـتییە ســـەرەتاییەکانی ژیـــان، بـــووە هـــۆی پارچـــە پارچەکردنـــی جوگرافیـــای کوردســـتان. نەبوونـــی کوردســـتانێکی یەکگرتـــووی خـــاوەن ئـــاڵای خـــۆی.

٥. چەواشـەکردنی چەمکـی ئەدەبـی و هونەریـی نوێخـوازی، بەهـــۆی ڕەخنەگـــر و لێکۆڵـــەرە دەســـتکرد و قورمیشـــکراوەکان و دروســـتبوونی گرووپگرووپانێـــی ئەمانـــە، هۆکارێکیـــش بـــوون بـــۆ نەبوونـــی ئـــەدەب و هونەرێکـــی ڕەســـەن و ئیبداعـــی ئەدەبـــی کـــوردی.

٦. کۆچکرنـــی گەنـــج و لاوانـــی وڵات بـــۆ دەرەوەی وڵات، بەجێهێشـــتنی شـــوێنی بـــاب و باپیـــران. هونەرمەنـــدان و ڕۆشـــنبیران و نووسەرانیشـــی گرتـــەوە، ئەمانیـــش هەســـتیان دەکـــرد هیـــچ کەلێنێـــک نەمـــاوە بـــۆ دەربڕینـــی هەســـت و ســـۆزی خۆیـــان، ناچـــار بـــوون پەنـــا بـــۆ هانـــدەران بـــەرن. (ئاغـــۆک، ل٣)

**ت ــ ئامانجی بزاڤی ئەدەبی تەغریبی**

١. هـــەوڵ دەدات گرنگـــی بـــە جـــۆری تێڕوانیـــن و بیرکردنـــەوەی مرۆڤـــی خـــاوەن ئەزمـــوون بـــدات، بـــەم هۆیـــەوە بتوانـــێ پـــەردە لـــە ڕووی مەتـــەڵ و ئالۆزییـــەکان ڕامماڵـــێ و وڵامـــی پرســـیارە قورســـەکانی ڕۆژگاریـــش بداتـــەوە.

٢. هـەوڵ دەدات مرۆڤێکی نامـۆ و بوێرانـە بەرهـەم بهێنێت، تاوەکـوو بتوانـێ بـە زمانـی ڕەتکردنـەوە و ڕووبەڕووبوونـەوە قسـان بـکات، تابتوانێـت خاڵـی بـاش و خاڵـی خـراپ لێـک جیـا بکاتـەوە بـۆ ئەدەبدۆسـتان بیانخاتـە ڕوو. (ئاغـۆک، ٢٠٢٠، ل١٦)

٣. بزاڤـی تەغریبـی بـۆ ئـەوە هاتـووە سـەرچاوەی ئەدەبـی کـوردی لـە شـێواندن و لێکبـوون ڕزگار بـکات، هەروەهـا لـە ڕووی هونەریشـەوە پشـت بـە (فۆرمـی مەتاتـی ــ دیـودەر شـەفافییەت و ــ خەونەشـیعر) دەبەسـتێ، ئامانجـی ئـەم پرەسـنیپەش خـۆی لـە خۆیـدا واتـای ڕەسـەنایەتی دەگەیەنـێ.

٤. دروسـتکرنی ناسـنامەیەکی نوێـی ئەدەبـی (نامـۆ)، بـۆ سـەرجەم تێکسـت و بەرهەمـە ئەدەبـی و هونەرییـەکان.

٥. دروســـتکرنی وێنـــەی نـــوێ و زاراوەی نـــوێ و دڕامـــای نـــوێ پەیـــڤ و ڕســـتەی نـــوێ داپۆشـــینی جـــل و بەرگێکـــی سـەردەمیانە بـۆ ئەدەبـی کـوردی، ئامانجیـش لەگـەڵ خولیـای خوێنەرانـــی ئەوســـا بگونجێـــت. (ئاغـــۆک، ل٣)

٦. مەبەســـت لێـــی ناســـاندن هێنانـــی زاراوەی (تەغریبـــی و نامۆیی)یـــە بـــە خوێنەرانـــی شـــیعر و چیرۆکـــی ئەدەبـــی و لێکوڵەڕانـــی ئەدەبـــی. لـــەم بارەیـــەوە نووســـەر (لەیـــلا عەزیـــز خاکـــی) دەڵێـــت: "بەرلـــە ٢٨ / ٥ / ٢٠٠١) مـــن بـــەش بـــە حاڵـــی خـــۆم نووســـەرێکم لەنـــاو کـــورد نەبینیـــووە بـــاس لـــەواژەی (بزاڤـــی تەغریـــب)ی کردبـــێ، کەواتـــە بزاڤەکـــە بەنیســـبەت زۆرانمانـــەوە نامـــۆ بـــووە هـــەر چەنـــدە پێوەندییەکـــی بەتینیشـــی بـــە ڕووخســـار و بـــە جوگرافیـــای وڵاتەکەمانـــەوە هەیـــە" (ئاغـــۆک، ٢٠٠٣، ل٢٢). دیـــارە ئـــەم کارەش ئەگـــەر کارێکـــی داهێنەرانـــە نەبێـــت، دەبێـــت بڵێـــن هێنانـــی چەمـــک و زاراوەیەکـــی لـــەم شـــێوە لەوســـا بـــە ڕێگـــەی دەستخۆشـــی و هەڵوەستەلەســـەرکردنە.

٧. دەست لەسەر تیشکۆی سەدان برینی مرۆڤ و مرۆڤایەتی دادەنێ، ئامانجیش لەم کارە درز و بۆشاییی سەراب و کەلەبەرەکانی ناو تەنێ تێروانین و لێقوڵبوونەوە پڕ بکاتەوە، دواتریش چارەسەریان بۆ دەدۆزێتەوە. (ئاغۆک، ل٢١)

**ج ـ سیماکانی بزاڤی ئەدەبی تەغریبی**

١. هەڵگرتنی دروشمی (بەخۆدا چوونەوە، ڕووبەڕووبوونەوە، نوێبوونەوە) بۆ دەقە ئەدەبی و هونەرییەکان.

٢. سوودوەرگرتن لە میسۆلۆژیا، کەلەپووری نەتەوایەتی، مرۆڤایەتی، ئەدەب و هونەری جیهانی، بە مەرجێ کردارەکە ڕاستگۆیی تێدا بێ و بە شێوەیەکی زانستییانە بخرێتە ڕوو.

٣. بایەخدان بە حاڵەتە سایکۆلۆژی و دەروونییەکان و نزیکبوونەوە لە ناخی نووسەر.

٤. گەڕان بە دوای کەرستە ڕەسەنە ونبووەکان، لەو ماوەیەدا ڕۆحی مرۆڤ سەرگەردان و وێڵ بووە، بەهۆی دوورکەوتنەوە لە ڕاستییەکان.

٥. دروستکرنی ڕووخسارێکی جیهانی بۆ دەق، بە مەرجێ ئەم ڕووخسارە پێوەندیەکی بەتینی بە کەشوهەوای ناوەوە هەبێ لەسەرجەم کونوقوژبنەکانی ئەم جیهانە پەسەند کرابێ.

٦. دوورکەوتنەوە لە ناوەڕۆک و فۆرمی لاساییکەرەوە، ڕووکردنە کرداری فرەناوەڕۆک و فرەفۆرمی واتانزیکبوونەوە لە هونەری (مەتاتی).

٧. ڕووکردنە کرداری وڕێنەی ساغ و تەمومژی ئیبداعییەوە و بەلاوەنانی هونەری ساختە و کرداری تەمومژاویی بێ چەمک و ناوەڕۆک.

٨. سەیرکردنی جوانیی ئافرەت و جوانی سروشت لەو ڕوانگەیەشەوە نەک سەربەخۆیی، چونکە هەموو جوزئەکە لەناو تەنی بەرهەمی تەغریبیدا کۆدەبنەوە و بەهەموویان وێنەی نوێخوازی بۆ دەکێشن.

٩. تێهەڵکشانی ڕابردوو بە ئێستە و هەنگاونان بەرەو داهاتوو.

١٠. بەکارهێنانی سۆزێکی هاڵاوجۆری مرۆڤایەتی لە پێکهاتەی بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکاندا.

١١. شاعیران و نووسەرانی بزاڤی تەغریبی زیاتر لە هەوڵی ئەوەدان گرنگی بەلایەنی ڕەهەندی دەروونی بدەن، بۆ ئەوەی چەمکی نامۆیی و تەغریبی لە تێکستە هۆنراوەکانیان جێگیر بکەن.

١٢. هەر لە ڕووی سیماوە، شاعیران و نووسەرانی بزاڤی تەغریبی (ڕەشبینی، نائومێدی، نامۆیی...) لە تێکستە ئەدەبییەکانیان ڕەنگی داوەتەوە و بەرەو ڕەهەندی دەروونی هەنگاو دەنێن (ئاغۆک، ل٤٤)

**ح ـ بۆچوونی ڕەخنەییی نووسەران لە بزاڤی تەغریبی**

فەرهاد پیربال دەڵێت: "من پێم وانییە ئەوانە بزاڤ بن، چونکە پێش ئەو ئەوەی ئەو کۆکراوەیەش بەناوی تەغریب بڵاو بکەنەوە، ئێمە هەموویان دەناسین. هیچ یەکێکیان فەلسەفەیەکیان نەبووە، پێشتریش لە بارەی ئەدەبیاتەوە ڕێکخستنێکیان نەبووە، بزاڤێک بەناوی تەغریبەوە ڕابگەیێنن... هەرکاتێ وشەی غەریب و نامۆت بەکارهێنا، ئەوە مانای ئەوەنییە، بچێتە خانەی ئەدەبیاتی تەغریبەوە... مەمکدار... بە نموونە دەتوانم بە قوبادی جەلیزادە و تاهیر بەگی جاف و نالی بڵێم بزاڤی مەمکدار، چونکە هەریەکەیان شیعریان هەیە، کە باسی مەمکی کردبێ... باشە جارێ بابزانین ئەدەبی تەغریبی یەعنی چی؟ کوا فەلسەفەکەی؟ چی دەوێ؟ ڕای لەبارەی گەل چییە؟ تەکنیک کوا ئەمانەی؟... د. کەمال مەعرووفێک پیاوێکی ئەکادیمییە هەر لە خۆیەوە لە ناویان دەسووڕێتەوە... یانی لێکئالاون و کەسیان لە کەسیان ئاگادار نین، ئەوەی کۆیان دەکاتەوە هەر غەریب و غەریب و غەریبە... پێم وایە ئەمە وەهمێکی گەنجانەیە، خۆمەشغوڵکردن و سەرگەرمکردنێکە... لەوانەیە بە نیسبەت ئەوانەوە ئەوە خوشیش بێ" (ئاغوک، ٢٠٠٤، ل٩٧). واتە لەو گفتوگۆیە و چاوپێکەوتنەی (د. فەرهاد پیربال) لەگەڵ (بەهزاد موحسین) لە ڕۆژنامەی جەماوەر ئەنجامی داوە، هەوڵەکانی دەستەی دامەزرێنەری ئەم بزاڤە بە بێنرخ و بێبەها وەسف دەکات، پێی وایە ئەمانە هیچ فەلسەفە و ئامانجێکی ڕوونیان نییە، ئەمانە لە هێنانی وشەی تەغریبی و لێکدانەوەیان بەپێی بیروبۆچوونی خۆیان

بەهەڵـەدا چـوون، چونکـە (د. فەرهـاد) پێـی وایـە هەمـوو وشـەی غەریـب و نامۆییـەک ناچێتـە خانـەی ئەدەبیاتـی تەغریبییـەوە، بۆیـە لـە ڕوونکردنـەوە و تێگەیشتن لـەم وشـەیە، بـە کەمئەزمـوون ناویـان دەبـات. لەبـارەی (د. کەمال)یشـەوە هـەر لەخۆیـەوە خـۆی خزاندووەتـە نێـو ئـەم گرووپـەوە، زیاتـر ئەمانـە بـە کەسـانی خۆمەشـغوڵکەر نـاو دەبـات. بـۆ وڵامـی قسـەکانی (د. فەرهـاد پیربـاڵ) یەکسـەر (د. کەمـال معـروف) بەرپەرچـی دەداتـەوە دەڵێـت (د. فەرهـاد پیربـاڵ) ێـک بـە قەولـی خـۆی کاتـێ کـە مـن بەرهەمـم لـە ڕۆژنامـەی هـاوکاری لـە حەفتـاکان بـڵاو دەکـردەوە، ئـەو فتبۆڵێنـی دەکـرد، ئێسـتە قسـەی قێزەونـی لـە دەم دێتـە دەرەوە لەگـەڵ قسـەکانی پیشـووی خـۆی ناکۆکـە، لـە دیمانەیـەک کـە جەمـال گردەسـۆری لەگەڵـی کردبـوو، لـە ڕۆژنامـەی دەنگـی میللەتـدا، ژمـارە (١٤٥) سـاڵی ٢٠٠٣ دا، کاک جەمـال لێـی پرسـیبوو، ماوەیەکـە چەنـد نووسـەرێک سـەرقاڵی پرۆژەیەکـی ئەدەبیـن بـە نـاوی تەغریبـی، تـۆ چەنـد بـڕوات پێیـان هەیـە؟ بـەم جـۆرە وڵامـی دابوونـەوە "مـن لەگـەڵ هەمـوو جـۆرە موجازەفـە و موغامەرەیەکـم لەپێنـاو شـڵەقاندندا". تاوەکـوو ئێسـتە زیاتـر لـە (٥٠٠ ــ ٦٠٠) لاپـەڕە لەسـەر بزاڤـی لـە گۆڤـار و ڕۆژنامەکانـدا نـووسراون و لەلایـەن نووسـەران و ڕەخنەگرانـی نـاسراوەوە هەڵسـەنگێندراوە وەک مامۆسـتا کەمـال غەمبـار، پرۆفیسـۆر د. شـکریە ڕەسـوول، د. پەخشـان سـابیر و دەیـان شـاعیر و نووسـەری تـر، زۆر شـتێکی ئاساییيە کـە لەلایـەن کەسـێکی وەک (فەرهـاد پیرباڵ)ێـک هێـرش بکرێتـە سـەرمان، ئێمـە پێیـی بـەرز دەبینـەوە. (س. پ، ل٤)

شـێروان ئیبراهیـم حەیـدەر لەبـارەی ئـەم بزاڤـە نووسـیوویەتی و دەڵێـت: "بزاڤـی تەغریبـی درەختێکـی ئەونـدە چـڕ نییـە، تاوەکـوو داوای ئـەوەی لـێ بکـەی بەرهەمـی جـوان و بەتـام و شـیرین و پرڤیتامینـت بداتـێ، وا هەسـت دەکـەم ئـەو بزاڤـە لەبـەر چەنـد هۆکارێـک دروسـت بـووە، گرنگترنییـان ئەوەیـە، خاوەنکانیـان ترسـی ئەوەیـان لـێ نیشـتووە، دەنـگ و ڕەنـگ و سـەنگیان بـەرەو خامۆشـبوون بـڕوات..." (عەبدڵـڵا، ل١٨٦) لێـرە (شـێروان ئیبراهیـم) بەرهەمەکانیـان بێـنرخ دەکات، پێـی وایـە هیـچ سـوود و قازانجێکـی ئەوتۆیـان نابێـت، نـە بـۆ خوێنەرانـی بـواری ئەدەبـی کـوردی و نـە بـۆ ئەدەبەکـەش، تەنیـا بـۆ مانـەوەی دەنگـی خۆیـان ئـەم کارەیـان کـردووە، بـۆ ئـەوەی چیـتر کاڵ نەبنـەوە و لەنـاو نەچـن. بۆچوونـی دەسـتەی بـزاڤ لەبـارەی وتەکانـی (شـێروان ئیبراهیـم حەیـدەر) توڕەیـان دەکات و ئەوانیـش ڕەدی توندییـان دەبێـت بەرانبـەر بـە کەسـایەتیی نووسـەر و دەڵێـن "ئـەو نـاوەی، کـە تـۆ بـە ناحـەق بـۆ خـۆت زەوتـی دەکـەی، ئـەوە نـاوی نووسـەر و شـاعیرێکی هەولێـرە، کـە ماوەیەکـە لـە نووسـین دابـڕاوە" (س. پ. ل١٩١) واتـە بەدزیـی کەسـایەتی تۆمەتبـاری دەکـەن، هەرچەنـد وڵامەکەیـان لـە جێگـەی خـۆی نییـە، چونکـە ئـەم جـۆرە وشـانە بـۆ ئـەو کەسـانەی کـە لەبـواری ئەدەبـدا کار دەکـەن شـیاو و گونجـاو نییـە. نـە دەبوایـە بـەم شـێوەیە لـە کەسـایەتی (شـێروان ئیبراهیـم) بـدەن و کەسـایەتی بـە قسـەی نەشـیاو لەکەداربکـەن.

(عەبدولقەهـار شـێخ) یەکێکـی تـرە لـەو نووسـەر و ڕەخنەگرانـەی بـواری ئەدەبـی کـوردی، لەبـارەی ئـەم بزاڤـەوە دەڵێـت: "مـن پێـم وایـە ئـەو بەیاننامەیـە، کـە لەژێـر نـاوی (بزاڤـی تەغریبی)یـە و بەڕێـزان دەریـان کـردووە، کـەم و زۆر سـوودی خـۆی دەبێـت، وەلـێ ئەگـەر پێـمان وا بـێ ئـەوە بەردێکـی گەورەیـە و گۆمەکـە دەشـڵەقێنێ، نەوەڵـڵا هەرگیـز ئـەوە نییـە، چـوون ئـەو بەڕێزانـە خۆیـان بـەر لـە ئێسـتە (بـەر لـە دەرکردنـی بەیاننامەکـە)ی هیـچ دەنـگ و سـەدایەکی گـەورەی ئەدەبـی شـیعرییان نەداوەتـەوە و کاریگەریـی داهێنـەری و گۆڕانکارییـان نەبـووە لـە گۆڕەپانەکـەدا، تـا ئـەو بەیاننامەیـە چەشـنی ڕۆشـنکردنەوە و زیـادە بـە شـانەیەک بێـت، بۆیـە بەرهەمەکانیـان". (ئاغـۆک.ل٥٣) دیـارە ئەمیـش پێـی وایـە ئەوانـە ناتوانـن بەرهەمێکـی ئەوتـۆ پێشـکەش بکـەن ببێتـە جێگـەی بایـەخ و سەرسـووڕمان، هۆکارەکـەش بـۆ ئـەوە دەگەڕێنێتـەوە، پێـی وایـە ئەمانـە کەسـایەتییەکی دیـاری بـواری ئەدەبـی کـوردی نیـن، کـە پێشـتر خـاوەن بەرهەمێکـی زۆر بەپێـز بـن، کـە ببێتـە جێگـەی سەرسـووڕمان و ناسـاندنیان، یاخـود پێشـتریش هیـچ کارێکـی بـواری ئەدەبـی داهێنەرانەیـان ئەنجـام نـەداوە، جێگـەی هەڵوەسـتەکردن بێـت. لـە وڵامـی (عەبدولقەهـار شـێخ) نووسـیویانە، ئـەم بـڕادەرە شـارەزاییەکی ئەوتـۆی لەنـاو ئەدەبـی کوردیـدا نییـە و هێشـتا قەڵەمەکـەی سـاوایە، هـەر بـە میزاجـی خـۆی شـت دەڵـێ

و شت دەنووسێ. هەر لەبارەی کار و کردەوەکانی بواری ئەدەبیی بزاڤی تەغریبی، بۆچوونی هەندێک نووسەران وایە ، کە ئەمانە لاسایکەرەوەی بواری ئەدەبی ئەورووپان یاخود لاسایکەرەوە ئەدەبێکی ڕۆژئاوایی دەکەن کە سەدەیەکە پێش ئێستە. (سەردار جاف) پێی وایە (ئەوە خۆی لە خۆیدا لاساییکردنەوەی پاریسە). هەروەها (عەبدوخالق سەرسام) یش هەمان بۆچوونی هەیە و دەڵێت "هەنگاوێکە بەرەو لاساییکردەنەوەی شارستانیەتی سەدەیەک بە لەئێستە". (عەبدوللا.ل١٨٥).

دکتۆر ئیدریس عبدوڵلا لە کتێبی (ئەدەبی هاوچەرخی کوردی ) لاپەرە (١٩٠) دا لە وەڵامی دەستەی بەرێوەبردنی ئەم بزاڤە، کە برامبەر بۆچوونی ڕەخنەگران نووسیبوویان دەڵێت (تخوا ئەمە وڵامی دونیای ئازادە، کە نووسەرانی بزاڤێکی بەناو نوێخوازان بەو سینگە تسکەوە خەڵک تۆمەتبار بکەن بەشتی لاوەکی ناشرینیان بکەن ؟ چییە ؟ ئەو ڕەخنەگرانە لەگەڵیان نەبوونە هەوڵیانداوە هەندێک شتی تر کە بەهقیان بینیوە لە بارەیانەوە بیان خەنەڕوو." (س پ، ١٩٠) دیارە د. ئیدریس عبدوڵلا تانە لە وڵامی دەستەی بەرێوبردنی بزاڤی تەغریبی دەدات، وڵامەکانیان بەهی کەسێکی ئەدەب دۆست دانانرێت. بەڵکوو لای ئەو بۆچوونەکانیان بووە جێگەی سەرسووڕمان. بۆیە ئەم وڵامانە لای هەندێک نووسەران بەشیاو دا نەنراووە و دووبارە وڵامیان بۆیان هەبووە لەوانە (سەردار جاف) ڕەخنەی توند لە هەڵوێستی توندی نووسەرانی بەیاننامەی تەغریبی دەگرێت و بەدیکتاتۆر وەسفیان دەکات، دەنووسێت "دەبوایە بە سینگ فرەوانییەوە ڕەخنە و نووسینەکانیان قبول بکردبا، نەک خۆ لە نێو هێلکەدانی دیکتاتۆریەتدا بتەقێنن و لەبالا دەستی باڵابەرزیدا خوبیننەوە وکەسانی دیش بەکورتە باڵاو بنەئاسا تەماشا بکەن بەدەستەجەمعی و ڕێز پێگرتن، بەبێ ئەوەی حیساب بۆ ئێمەی شاعیر و هەستی ئەو خەڵکە ڕۆشنفکرە بکەن، هەر کەسێکیش چاکی تەشی ڕێسابێت. واتە وەسفی باشی کردبن، بە شانوشەوکەتیدا هەڵدابن" (س. پ. ١٩٠ ــ ١٩١). دیارە ئەمانە بە شێوەیەکی توند، دوور لە گیانی ئەدیبانە وڵامی ڕەخنەگرانیان داوەتەوە، هەندێ تۆمەتی دوور

لە کارە ئەدەبییەکە، چونکە سەر باسی کەسایەتی باسی شتی لاوەکی و ناشرینیان کردووە کە لە دەرەوەی بازنەکە بووە. ئەمەش بووەتە هۆی دڵگرانی لای هەندێ نووسەر و ڕەخنەگران. (ئەرشەد حیتۆ) یەکێکی ترە لەو لێکۆڵەرەوانەی کە بۆچوونێکی ڕەخنەیی هەیە، دەڵێت: "ئەزدگەل بوو چوونا ڕەهاییا (د. کەمال) نیم کو ڕەوشەنبیرێ کورد هەمی تووشی تەغریبیێ بوونەیە، لێ دیاردا هاڤیبوونی بیاڤەکێ باش ژ ژیان تاکی کورد داگیر کریە بەلێ دەلیڤا گەشبینێ ژی دبەرهەم وژیانا ڕۆژانەیا واندا بشێوەکێ بەرچاڤ دهێتە دیتن. لەوار ئەچە بوونە هۆکارێ ژدایکبوونا هۆزانا تەغریبیێ" حیتۆ، ٢٠١٢، ل١٥٦) بەلکو ئەو لەگەڵ ئەو بۆچوونەی (د. کەمال) نییە، کە دەڵێت هەموو ڕۆشنبیری کورد تووشی تەغریبی بوونە، بەڵکە هەندێ لە شیعرەکانی شاعیرانی خۆشیان بابەتی تریان نووسیووە. کە بوونەتە ڕێگەی شادی یاخود ڕووناکییەک بۆ ئەو کەسانەی بە ئومێدەوە دەرواننە ژیانی داهاتوو. لەلایەکی تریش مەرج نییە ئەم نامۆبوونە هەموو شاعیرانیش گرتبێتەوە، چونکە لەمەو دوا بۆچوون ئازادە.راستە هەندێک لە ڕەخنەگران و نووسەران بەکەم بایەخ باسی بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەم گرووپە دەکەن یاخود بە چاوێکی بێ بەها سەیری کەسایەتیەکانی ئەم بزاڤە دەکەن، بەڵام ئەم بۆچوونانە هەر دەبێت، بێگومان کاتێکی گرووپێکی ئەدەبی یاخود بزاڤێکی ئەدەبی یان قوتابخانەیەکی ئەدەبی لەهەر شوێن وڵاتێکدا سەر هەڵدەدات، بێ شک تووشی ئەم جۆرە ڕەخنە و گرفتانە هەر دەبێ، بەڵام نابێتە هۆی ئەوەی ئەو کار و چالاکیانەی ئەمانە کردوویانە هەمووی سفر و بێبایەخ بکرێت، ئێمە لەگەڵ ئەو بۆچوونانە نین، چونکە بێگومان لای هەندێ لێکۆڵەر و توێژەرانی بواری ئەدەبی، دەبێتە ڕێگەی بایەخ و دەستخۆشی بۆ کارەکانیان، لەبەر ئەوەی لەڕۆژگارێکی سەختی ژیانی ئەو کات کارکردن و هێنانی چەمکێکی نوێی وەکوو (نامۆی و تەغریبی) بۆ دونیای ئەدەبی کوردیمان، هەروا ئاسان نابێت، بەڵکوو ماندووبوون و چالاکی دەوێت، تاوەکوو ڕەگ و ڕیشەی دەچەپێنی و هەروەها لای خوێنەران و نووسەرانی

ئەدەبی دەیناسێنی بۆ بەکاربردن، بۆیە لای ئێمە جێگەی هەڵوەستەو دەستخۆشییە لە کارەکانیان و دەبێ بایەخی زیاتری بدرێت. سەرنج و تێبینی زیاتر لەسەر بنوسرێت و هەنگاو بە هەنگاو ئەو کارانەی لەبواری ئەدەبی بەجێیان گەیاندووە روونتر و فرەوانتر بکرێت.

**د- ڕۆڵی (بزاڤی تەغریبی) لە نوێکردنەوەی هۆنراوەی ئەدەبی کوردیدا**

بزاڤی تەغریبی ئەدەبی کوردی توانی شوێن پەنجەی خۆی دیاری بکات لەنێوان دونیای ئەدەبی پۆستمۆدێرنتەی کوردی، وەکوو گرووپێکی چالاک و دونیا دیتەی ئەدەبی توانیان لە ڕۆژگارێکی ناهەموار گۆمێکی مەنگی ئەدەبیاتی کوردی بشڵەقێنێت و، کە ماوەیەک بوو وەستابوو، نووسەرانی ئەم ڕەوتە توانیان کارێکی ئەدەبی وابکەن ببێتە جێگەی باس و خواسی ئەدیبان و ڕۆشنبیرانی ئەوسا، جا هەندێکیان بەرەخنەو پێشنیارەکانیان تانەی ئەدەبیاتی لەم گرووپە دەداو بە پاشکۆی یاخود بەلاسایکەرەوەی ئەدەبیاتی ئەورووپایان دەناساند، بۆ وڵامی ئەمانە پەخشان سابیر دەڵێت: "ئەگەر سەرەداوەکانی بزاڤی تەغریبی لە ئەورووپاش وەرگیرابێ، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئاماژە بەوە دەکەم کە بزووتنەوەی تەغریبی کورد نابێتە کۆپیکراوی تەغریبی ئەورووپا، چونکە واقیعی کۆمەڵایەتی و کولتووری ئەورووپا زۆر جیاوازە لە داب و نەریت و واقیعی ئێمە، دەشێ تەغریبی ئێمە لە ئەنجامی کۆمەڵێ هۆکاری هەیە جۆرەی کە تایبەتی بە کۆمەڵگەی کوردی وەک چەوسانەوەی نەتەوەیی، شەری برا کوژی، دیکتاتۆریەتی، نەبوونی ئازادی دەربڕینی لەلای کەسی کورد، یا بیرکردنەوەی ئازاد، تەنانەت دووری ڕەگەزی نێرو مێ لە یەکتری، بوون و کێشەکانی ژیان ڕخنەگرتنی سێکسی، گرفتی ئابووری.. هتد. دروست بووە، بەڵام لەبری ئەم فاکتەرانە لە ئەورووپا فاکتەری تری وەک: بێزاری لە شارستانیەت و بە ئامێرکردنی مرۆڤ و کەمبوونی بەها مرۆڤایەتییەکان دروست بووبێ، کە لە کوردستاندا بوونیان نیە ، یا زۆرکەمە". (خانەقینی، ٢٠٠٤، ل٧) دەتوانم ئاماژە بە وەبکەم، زۆربەی چەمک و زاراه نوێیەکانی ئەدەبی کوردی لە ئەدبیاتی ئەورووپا وەرگیراون، بەتایبەتی چەمکە نوێیەکانی دوای ئازادبوونی کوردستان. واتە دوای ڕاپەرینی ١٩٩١، بەڵام مەرج نییە بەهەمان شێوە بەکارهێنرابن و کتومت لاسایی ئەوان کرابێتەوە، بەڵکوو ئەدەبیانی ئێمە سوودیان لێ وەگرتووە، بەڵام لاساییکەرەوەیەکی کوێرانە نەبوون، چونکە کەشوهەوای جوگرافیای ئەورووپا و کەسایەتییەکانیان لە ئێمەی کورد جیاوازە، بەڵام سوودوەگرتن لە ئەدەبەکەیان و دەستکاریکردنی و گۆڕینی شێوە و قاڵبی بۆ ئەدەبی کوردی بێ شک بەداهێنان دادەنرێت و جێگەی دەستخۆشی و هەڵوەستە لەسەرکردنە. هەر بۆیە (د.پەخشان سابیر) دەڵێت: "چامەی تەغریبی لەگەڵ ئەوەشدا بوونی ئەم جۆرە بزاڤانە بە پیویستیکی میژووی و ڕۆشنبیری کۆمەڵگەی کوردی دادەنێم، لەو ڕووەوەی کەچالاکییەک دروست دەکات خاڵە وەستاوەکان دەخاتە جووڵە، یا هەر هیچ نەبێت کۆمەڵێک پرسی گرنگ دەوروژێنێ، من لەلایەن خۆمەوە کەمتر دەنووسم، زیاتر ئارەزوی خوێندنەوە دەکەم، چونکە پێم وایە کە نووسین بەر پرسیارێکی ناسک و ترسناکیشە لەهەمان کاتدا ئێستە کۆمەڵێک لاوی بەتوانا لە شارەکانی (هەولێر، سلێمانی، کەرکووک، دهۆک)ی دەلالدا سەرقاڵی ئەوەن بڵاوکراوەیەکی ئەدەبی و هونەری بەناوی (نامۆکان)ەوە لە هەولێری دێرین و دەردەکەوت." (خانەقینی، ل٤٠ ــ ٤١) هەر لە بارەی دەرچوونی گۆڤاری (نامۆکان) ئەبوبەکر شوان دەڵێت "دەرچوونی گۆڤارێکی نوێ بەنێوی (نامۆکان) ەوە لەلایەن چەند لاوێکی بەتوانا خۆی لەخۆیدا مژدە بەخشە هەر لێرەوە بەم لاوانە دەڵێم: تاپێتان دەکرێ هەرگیز بەرهەمەکانتان لە موعانات و ئارەزووەکانی کۆمەڵ و مرۆڤ و مرۆڤایەتی دوور مەخەنەوە و هەوڵبدەن بەپەیڤی ڕاست و بیری نوێ و کرداری نوێ ئەدەبی کوردی دەوڵەمەند بکەن" (س. پ. ل٧) دەرچوونی ئەم گۆڤارە گرووپێکی موژدە بەخش بوو بۆ نووسەر و شاعیرانی کوردیمان، کە بوونە ڕێگەیەکی پر ئومێد بۆ ئەو شاعیر و و نووسەرانەی زیاتر بەرهەمەکانیان (نائومێدی، ڕەشبینی، نامۆیی) خۆی دەنواند، زیاتر نووسینەکانی ئەمانە ڕەهەندێکی دەروونی وسایکۆلۆژی قوڵی پێوە دیارە و نووسینەکانی ئەو شاعیر و نووسەرانە بەم جۆرە شێوازە دەبرینە تەماوییە

دەناسرێنـەوە، خوێنـەر لـە خۆێندنـەوەی تێکسـتە ئەدەبییـەکان هەسـتی پـێ دەکات. لــەم بارەیــەوە (ڕۆســتەم باجــەلان) دەڵێت:"نووســەرانی ئەمــڕۆ تــا ســەر ئێســقان تەغریبیــن، چونکــە لــە نامۆبــوون و فۆرمــی نامۆبــوون دەگــەن، هــەر لـەم نۆرینگـەوە بەرهەمەکانـی خۆیـان بەخوێنـەر دەناسـێنن، ئـەم کـردارەش خـۆی لـە خۆیـدا چەمکـی نوێبوونـەوە هـەڵ دەگـرێ" (ئاغــوک، ل٣٥).

چەمکــی نامۆبــوون لای شــاعیر و نووســەرانی چیــرۆک و ڕۆمـان کـوردی پێشـوازییەکی باشـی لـێ کـرا، چەنـدان شـیعر کورتەچیــرۆک بڵاوکرانــەوە، ئەمــەش بەهــۆی پێوســتیی ئــەم ڕۆژگارەی ئـەدەب کـە پـڕ بـوو لـە نەهامەتـی و ماڵوێرانـی بـۆ گەلـی کـورد، هــەر ئەدەیـب و ڕۆشـنبیرانن بـە پلـەی یەکـەم دێــن بــۆ خەمخۆریــی وڵات و نەتەوەکەیــان، بۆیــە ســڵیان لـەوە نەکـردەوە بـە خامـە ڕەنگیەنەکانیـان گوزارشـتیان لـەم ڕۆژگارە کـرد و ڕووی ڕاسـتی و واقیعـی کۆمەڵگـەی کوردیـان پێشـکەش بـە خوێنـەران کـرد. "دوعـا شـیرینەکانی دایکمـی ئـاری ئاغـۆک لـە واقیعـی مـرۆڤ و پێوەندیـی ئـەو مـرۆڤ بــە مەڵبەنــدی لەدایکبوونــەوە دەدوێ" (خانەقینــی، ٢٠٠٤، ل٧) واتـە گومـان لـەوەدا نییـە زۆربـەی شـیعرەکانی ئەدەبـی کوردیـمان بـە شـیعرەکانی (بزاڤـی تەغریبی)یـش هەڵقـووڵاوی نــاوی کۆمەڵگــەی کوردیــن، بــەڵام بــە ڕەنــگ و دەنگــی جیاوازتــر.

نوێنەرانــی ئــەم بزاڤــە خــاوەن پاشــخانێکی ئەدەبــی و شـیعری کـوردی بـوون و لەوانـە (د. کـمال معـروف) شـارەزای هەبــوو یاخــود ئــاگاداری ئــەو قوتابخانــەو ئــەو ڕەوت و گرووپانـە بـوو کـە لەوڵاتانـی ئەورووپـا پرەویـان بەنوێخـوازی ئەدەبـی خۆیـان دەدا، لـەم بارەیـەوە (دالیـا دۆسـکی) دەڵێـت "ئەوانـەی نوێنەرایەتـی بزاڤـی تەغریبیـان دەکـرد و خۆیـان بـە دەسـتەی دامەزرێنــەر دەزانــی، نووســەری ڕووناکبیــر بــوون، ئەزموونێکـی بەرچاویـان لـە گۆڕەپانـی ئەدەبیـدا هەبـوو" (س. پ. ل٦) ئەمـەش هۆکارێـک بـوو بـۆ سـەرگرتنی کار و چالاکییـە ئەدەبییــەکان و بەردەوامبوونــی ئــەم بزاڤــە بــۆ مــاوەی چــەن ســاڵێک، لــەم بارەیــەوە (ئــازاد گەرمیانــی) دەڵێــت: "بزاڤــی تەغریبـی شـەرعییەتی خـۆی سـەلماند، چونکـە ئـەوا بـۆ دوو ســاڵ زیاتــر دەچێــت، لــە پەلوپۆکردندایــە لــە دوو بــواری ئەدەبــی و هونەریــدا" (س. پ، ل٦) لەلایەکــی تــر بووبوونــە ڕێگــەی باســوخواس و ســەرنجی گۆڤــار و ڕۆژنامــەکان و گرنگیــدان بــە کار و چالاکییــەکان و بڵاوکردنەوەیــان ئەگــەر سـەیری هـەر ڕەوتێکـی ئەدەبـی میللەتانـی جیهانـی و دەوڕوو بــەر بکەیــن، کاتێــک ســەرهەڵدە دەن و دەکەونــە گەشــە و پەلهاوێـژی بـێ شـک کۆمەڵێـک گۆڕانکاریـی سیاسـی و ئابـووری و ڕۆشـنبیری لـە ئـارادا بـووە، یاخـود ئەمانـە هۆکارێـک بوونـە بـۆ سـەرهەڵدانی ئـەم گرووپانـە، ئەوەتـا لـە جیهانـی ئەدەبـی ئەورووپـا دوای جەنگـی جیهانـی یەکـەم، چەنـدان قوتابخانـەی ئەدەبـی سـەریان هەڵـداوە، بـێ شـک لای عـەرەب و فـارس و تورکیـش دەبـێ ئـەم هۆکارانـە هەبـێ. لای ئێمـەش دوای ڕاپەرینـی بەهـاری سـالێ ١٩٩١ بەهـۆی گۆڕانـی کەشـوهەوا و سیاسـی و هەڵمژینـی هـەوای ئـازاد پێویسـتی بـە بـزاڤ و ڕۆشـنبیری و ئەدەبـی نـوێ هەبـوو، کـە پێناسـەی ئەوسـا بـکات بۆیـە د. چەخشـان سـابیر پێـی وایـە "بوونـی ئـەم جـۆرە بزاڤانـە بـە پێویسـتێکی مێژوویـی و نووسـەرانی ئـەم بزاڤـە توانیوویانـە سـوود لـە کەلەپـووری ڕەسـەنایەتی میللەتـی کــورد وەربگــرن، بۆیــە لــەم ڕووەوە فۆرمــی (مەتاتــی) یــان بەکارهێنــاوە، توانیویانــە بــە شــێوەیەکی زانســتیانە ســوودی لێوەرگــرن، لــە شــێوەیەکی گشــتی، ئــەم بابەتانــە بابەتــی فۆلکلـۆری تەقلیـدی نیـن، بەڵکـوو ئـەم بابەتانـە لـە ئەنجامـی کۆچکردنـی خەیاڵێکـی لادێـی بـۆ شـارو توانـەوەی مفهوومـی گوندایەتـی لەنـاو سـکی شـاردا ئەمەشـیان دیاردەیەکـی سـاغە و زۆربــەی نەتــەوە پێشــکەوتووەکان بەســەری تێپــەڕ بــوون" (ئاغــۆک، ٢٠٠٤، ل٩).

**تەوەرەی دووەم:**

**ا- نامۆیی لە چەند ڕوانگەیەکەوە**

**١. نامۆیی لەڕوانگەی فەلسەفییەوە**

بە شێوەیەکی گشتی هەموو مرۆڤێک تووشی حاڵەتێکی نائاسایی دەبێت، لەگەڵ گەورەبوونی تێرامانی بۆ ژینگەی دەوروبەر، زەحمەتبوونی ژیان و ماندبوونی لە دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانی تووشی ڕاوبۆچوونی جیا جیای دەکات، بیرمەندان و فەیلەسووفانیش بێبەش نابن لە (نامۆ) بوون، چونکە ئەمانە دەیانەوێت بە شێوەیەکی قووڵ بچنە ناواخنی شتەکان و ئەنجامێکی باوەڕپێکراو بەدەست بهێنن، لەوانە (دیکارت)ە، (دیکارت کە بە باوکی فەلسەفەی نوێ ناسراوە، ئەو فەیلەسووفە هەستاوە دروشمێکی بۆ ژیان داناوە و دەڵێت: "دڵخۆشی ئەو کەسەی کە بە شاراوەیی دەژین) بەڵێ بەو شێوەیە زۆر ژیانی لە غەریبی و دوور لە نیشتیمانەکەی ژیاو دوورە پەرێز بوو، تەنانەت گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە شوێنی نیشتەجێ بوونیشی دیار نەبێت"(زیتو،١٩٩٨،ل٣٥)، دیکارت ئەگەر چی خەڵکی فەرەنسایە، بەڵام لە وڵاتی هۆڵەندا ژیاوە، ئەو دوورە لە وڵاتی خۆی کاریگەری لە سەر دەروونی هەبووە، بۆیە دەڵێت: (من وەکوو ئەوەمە کە لە دوورترین بیابانەکان بژیم". (س. پ، ل٣٥). ئەمەش بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ نەگونجانی لەگەڵ داب و نەریتی ئەو شوێنە، نامۆبوونی بەو عورفە کۆمەڵایەتیانەی هۆڵەندا، وایکردووە خۆ دووربخاتەوە لە خەڵکانی ئەو کۆمەڵگەیەو بەتەنیای و دوورە پەرێزی ژیان بباتەسەر. نامۆیی لە هزری فەلسەفی (هیگڵ)، یەکەم کەسە زاراوەی نامۆیی بە شێوەیەکی سیستماتیکی لە فەلسەفەکەی بەکار هێناوە، هەرچەندە نامۆبوون وەک هزرو هەم وەک وشە لە کولتووری پێش (هیگڵ)یشدا هەبووە، بەڵام لە سەردەمی ئەودا شێوازێکی نوێی وەرگرت، چونکە نامۆبوون تەنیا وەک ئەزمەیە سەیر کراوە و بە دەستییەوە ناڵاندوویانە، بەڵام لای هیگڵ گۆڕا بۆ زاراوەیەکی هونەری، هیگڵ لە ڕوانگەی توێژەرانەوە بە باوکی نامۆبوون ناونرا (عەبدوللا،٢١١،ل٢٢) ئەو وای دەبینێ مرۆڤ ناچار کراوە بە ڕازیبوونی لایەنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەکەی، ئەگەر نا شوێنی ژیانی لەناو کۆمەڵگەیە دەکەوێتە مەترسییەوە، هەر ئەمەش وایکردووە بەربەرەکانێک دروست بێت لە نێوان بیر و واقیع، هۆش و بوون، لێرەدا فەلسەفە هەوڵدەدات ئەو یەکریزەی لە دەستیان داوە بگەڕێنێتەوە، بەئەنجامدانی شیکردنەوەیەکی ڕێک و پێک و فرەوان لە پەرۆشی ئەو دژ یەکییانە، هیگڵ پێی وایە بۆ زاڵبوون بە سەر حاڵەتی نامۆی دەبێت کۆمەڵگەیەکی ڕاست و تەندروست بهێندرێتە کایەوە کە بەرژەوەندییە گشتی و تایبەتییەکان ئاوێزانی یەکتر بکات (برکات، ٢٠٠، ل٢٠٧) مرۆڤیش لێرەدا هەوڵبدات بە ئایدۆلۆژیایکی فرەوان بیرێکی جیهانینیانە بڕوانێتە شتەکانی دەوروبەری، بۆ ئەوەی بتوانی لەم جیهانە بە شێوەیەکی ئارام بژیت.

هەر لەم چوارچێوەیەدا "کارل مارکس نامۆبوونی لە ژێر کاریگەریی دیالێکتێکی هیگڵیدا شی کردووەتەوە، مارکس نامۆبوونی چڕ کردووەتەوە لەوەی، کە بریتییە لەو حاڵەتانەی مرۆڤ پێیدا تێ دەپەڕێت و دەبێتە کەسێکی نامۆ بەرانبەر بەخودی خۆی و چالاکی و کارەکانی، هەروەها جۆرێکە لە لەدەستدانی خود لە ئەنجامی ئەو قەیرانە کۆمەڵایەتییانەی کە پێیدا تێپەڕ دەبێت، نامۆبوون لە شوێنێک بوونی هەیە، کە کەمینەیەکی تاکڕەو دەستیان گرتبێ بەسەر سیاسەت و ئابووری و ژیانی کۆمەڵایەتیدا، ئەمەش وا دەکات مرۆڤ تەنیا ببێتە ئامراز و یارییەک بەدەست هێزێکی دەرەکییەوە". (خلیل، ٢٠٠٩، ل٣٢) لێرەدا مارکس حاڵەتی نامۆبوون دەگەڕێنێتەوە بۆ لایەنی کۆمەڵایەتی، واتە ئەو کۆمەڵگەیە کە مرۆڤ تیادا دەژی، ناهەمواری یەکێک لە بارەکانی (ئابووری، سیاسی، ڕۆشنبیری...) نەگونجانی خود لەگەڵ یەکێک لەمانە، بێ شک کاریگەریی نەرێنی لە سەر دەبێت، هەر ئەمەش دەبێتە بەرهەمهێنانی مرۆڤێکی نامۆ لە ژیانی کۆمەڵگەدا.

**٢ـ نامۆیی لەڕوانگەی دەروونییەوە.**

نامۆیی وەکوو دیاردەریەکی دەروونی تووشی مرۆڤ دەبێت، مرۆڤ کاتێک نامۆ دەبێت وا هەست دەکات ئەو کۆمەڵگەیەی تیایدا دەژی، لەگەڵ خواست ویستی ئەودا ناگونجێ، بەڵکوو بە پێچەوانەی ویستی ئەو "نامۆبوون بارودۆخێکی نائاساییە تەنیا مرۆڤ تووشی

دەبێت جا لەهەر ڕەگەزێک بێت، واتا نێر بێت یان مێ، گەورە بێت یان بچووک، لە هەرپلەو پایەیێک یان لەهەر چینێکی کۆمەڵگە بێت" (قادر، ٢٠١١، ل١١) واتە نامۆی دەتوانێت باڵ بکێشێت بەسەر هەردوو ڕەگەزی مرۆڤ، جا بچووک بێ یاخود گەورە، خوێندەوار بێ یان نەخوێندوار، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جۆرە نامۆیەی کە خود تیایدا دەکەوێت، هەروەها ئەو پەستانەی دەوروبەر دەیخەنە سەری نامۆ دەبێت. خاڵێکی گرنگ هەیە، کاتێ مرۆڤ بە هەر جۆرێک لە جۆرەکانی نامۆیی بەرکەوێت، ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر لایەنی دەروونی و جەستەییەوەی دەنێت. یەکسەر هەست بە نەخۆشی و ماندووبوون و شەکەتی دەکات لە جەستەیدا)، یەکێک لە زانا و پێشەنگەکانی بواری شیکردنەوەی دەروونی (فرۆید)ە ئاماژە بەوە دەکات "نامۆبوون لە ئەنجامی ململانێی نێوان خود و ڕێککاری (ضوابط) یەکانی شارەوە دروست دەبێت، وا لە تاک دەکات هەست بە بێزاری و ڕاڕایی بکات، کاتێک نووشی ئالۆزییەکانی شارستانیەت و ڕێککارییە جۆر بەجۆرەکانی دەبێتەوە، کە دەبنە بەربەستێک بۆ تێرکردنی ویست و ئارەزووەکانی، سەرنجام وا دەکات تاک ئەم ویست و ئارەزووانە لەناخیدا خەفە بکات و بە ئاسانی لە هزر و بیریدا تێ پەڕێت" (محمود، ٢٠٠١،ل٣٣) هەرچەندە مرۆڤ وەکوو کائینێکی سەرەڕۆ و جووڵەجووڵ، بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە حەز و ئارەزووەکانی خۆی تێر بکات، بۆیە لەم هەنگاوە سەرەڕۆیانە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی تووشی ئاستەنگ و بەربەست دەبێت، جا بەربەست (کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، ئایینی...) ئەمانە دەبنە ڕێگرییەک بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکانی. هەر لەم بارەیەوە فرۆید "نامۆبوونی مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو کۆت و بەندەی کە لە پێوەری یاسا کۆمەڵایەتییەکاندا دەردەکەوێت و لەسەر چالاکییە غەریزەیی و بایۆلۆژییەکانی مرۆڤ لە ڕێگەی دامەزراوە کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیری و ماددییەکانی کۆمەڵەوە دەسەپێنێ، وەکوو پێوەرێک نابێ مرۆڤ لێی لابدات، ئەم نامۆبوونەش هەر لە سەرەتای تەمەنی منداڵییەوە دەست پێ دەکات، چونکە لەسەری پێویستە و پێی دەڵێن (نەکەی، عەیبە، ناگونجێ...) ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەبێتە ترسێک لە دڵ و مێشکی چەکەرە دەکات و ناچار حەز و ئارەزووەکانی کە بە شێوەیەک یان ئەوەی تر گوزارشتی لێ دەکرد دادەمرکێنێتەوە و پشتگوێ دەخرێ بۆ ئەوەی هاوبەش بێت لەو شارستانییە کە تیایدا دەژی" (فاروق، ١٩٧٧، ل١٤ــ١٥). ئەو ڕێکار و پێوارانەی کۆمەڵگە لە سەر تاکی مرۆڤ دای دەسەپێنێ، ئەمانە دەبنە کۆمەڵێک بەربەست لە بەردەم تاک و گیرۆدەی دەستی ئەو یاسا و ڕێسانەی کۆمەڵگە دەبێ و تووشی دەمارگیری و شلەژانی باری جەستە و دەروونی و ناهەمواری ژیان و گۆشەگیری دەبێتەوە بەجۆرێک ژیانی لێ تەسک و دونیای لێ بچووک دەبێتەوە، لێرەدا کەسێکی نامۆ دەخوڵقێنێ، کە بێ ویست و ئارەزووی خۆی کاتەکانی ژیانی بەرێ دەکات.

**٣ــ نامۆیی لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆجییەوە**

بەهۆی ئاڵۆزی ژیان و ئەو پێشکەوتنە خێرایەیی لە جیهانی تەکنەلۆژیای ڕۆژگاری ئەمڕۆ هاتە ئاراوە، مرۆڤ سەر لێ شێواوێکی بۆ دروست کرد، ئەم بەرەو پێشچوونە هەروا کارێکی ئاسان نەبوو، لە ڕووی سیاسییەوە دەوڵەتانی گەورەی پڕ چەکی ئەتۆمی دروست بووە، لە ڕووی ئابوورییەوە، پێوستی بە بودجەی زەبەلاح هەبوو، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، دابڕانی کۆمەڵایەتی دروست کرد، ئەمانە هەمووی بوونە ئاستەنگ و بەربەستی جددی بۆ مرۆڤ، تاوەکوو خۆی لەگەڵ ئەم ڕەوشە بگونجێنێت، هەر بۆیە "لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا لە ئەنجامی گۆڕانکارییە خێراکان، کە ئەو کۆمەڵگایانە پێیدا تێپەڕ دەبن، دەبێتە هۆی ڕووداوی گەورەی وەکوو دوورکەوتنەوە، بۆ نموونە دوورکەوتنەوەی بەها ڕەفتارەکان، دوورکەوتنەوەی بیرە تایبەتی و گشتییەکان. لە ڕاستیدا ئەو حاڵەتە نامۆییانە کاریگەرییان هەیە لەسەر ڕەگوڕیشەی کۆمەڵگە دواکەوتووەکان" (زیتو، ل٥٢). بە جۆرێک بوونەتە مەینەت و دەردەسەری، هەندێک جار مرۆڤ قوربانی لە پێناویدا داوە. لەم بارەیەوە (جان جاک ڕۆسۆ) بڕوای وایە، نامۆیی لە مرۆڤدا دوو ڕوانگەی هەیە، ڕوانگەیەکیان ئەرێنییە و ئەوی تریان نەرێنی، هەروەک لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (العقد الاجتماعي)

ئاماژە بەوە دەکات، نامۆ ئەو کردارەیە، کە تاک خۆی لە نێو کۆمەڵدا دەتوێنێتەوە، هەتا لەژێر ویستی گشتیدا بێت کە تێیدا دەبێت بە بەشێک لە گشت، بەم شێوەیە نامۆیی گشتگیر دەبێت، خود دەبێتە قوربانی لە پێناو ئامانجێکی چاک بۆ کۆمەڵێک، بەڵام بە واتای نەرێنی، کە تیایدا ڕۆسۆ ڕەخنە لە شارستانییەتی کۆمەڵگە دەگرێت، چونکە ئەو شارستانییەتەی خودی مرۆڤ ئەفراندوویەتی هەرخۆی بووەتە کۆیلەی" (عەبدولڵا، ل١٢) مەرج نییە تاک لە کۆمەڵگە هەڵبێت و خۆی تەریک بکات یان لە گۆشەیەک خۆی عەشار بدات لەوانەیە لەگەڵ کۆمەڵگە بژێت و بە ویستی ئارەزووی ئەوان کار بکات، بەڵام لە ڕووی دەروونییەوە لەناخی خۆیدا بڕیاری جیابوونەوەی داوەوە و نامۆیە و ناچارە لەگەڵیاندا گوزەر بکات. زانای کۆمەڵناسی (کارل مانهایم) هەر لەم بارەیەوە "ئاماژە بۆ دیاردەی (ڕێکخستنی دڵە ڕاوکێیی) دەکات لە کۆمەڵگەی پیشەسازیدا، کە دەبێتە هۆی کوشتنی گیانی دەست پێشخەری لای تاک و ئازادیشی لێ دەفەوتێنێ و دەبێتە بەشێک لە ئامێرو وا لەتاک دەکات دڵخۆشبێ بە ملکەچبوونی بۆ کۆمەڵگە و بڕیارەکانی" (ناجی،١٩٨٠، ل٢٢) مرۆڤ لێرەدا هەست بە بەرپرسیارەتی دەکات بەرانبەر بە ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی، کە خۆشی تیایدا بەشدارە، بۆیە ناچارە واز دەهێنێ یاخود دەستبەرداری هەندێ ماف و ئازادییە ڕەهاکانی خۆی دەبێ بۆ بەرانبەرەکەی، تاوەکوو بتوانێ کەشوهەوایەکی گونجاو بۆ خۆی کەسانی کۆمەڵگەکەی برەخسێنێ، ئەگەر چی ژیانی تیایدا زەحمەت و ئەستەمە، بەڵام ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی لە خۆی بە گرنگتر دەزانێت.

**ب_زاراوەی نامۆیی:**

بنجی زاراوەی نامۆیی لە لاتینی دا بریتییە لە (Alien-atio) ئەم وشەیە لە فرمانی (Alienare) هاتووە. کە بەمانای گواستنەوەی شتێک دێت بۆ کەسێکی تر کە دەبێتە خاوەنی یان بەمانای داماڵین و لابردنی دێت. ئەم کارەش بۆ خۆی ئەرکێکی ترەوە وەرگیراوە. کاری (Alienus) یش لە وشەی (Alius) وەرگیراوە جیا ناو بێت یان ئاوڵناو (شاخت، ١٩٨٠، ل٦٣)، هەروەها لە زمانی ئینگلیزیشدا زاراوەی نامۆیی (Alienatio) لە ئاوەڵناوی (Alien) هاتووە کە بەمانای نەناسراو یان بێگانە دێت، هەروەها واتای سەرپێچی کار یان گۆراویش دێت. بەڵام لەکاری (Alienatp) بەمانای دوور کەوتنەوە یان هاورێیەتی لەدەست دان دێت، ئەگەر بەمانای پیت وەربگرین مانای دوورکەوتنەوە یان دووری لە کۆمەڵگە دێت (سەعید، ٢٠٠١، ل٦) وشەی نامۆیی "لە زمانی ئەڵمانی دا Entfre-mdung) بەکار هاتووە وەک (گریم) ڕوونی دەکاتەوە دەڵێت مانای زاراوەی نامۆبوون یان دەستبەسەرداگرتن یان لێسەندن دەگەیەنێت. ئەم زاراوەیە ڕێک بەرانبەر بە وشەی (nalienatio) ی ئینگلیزی دێ" (شەورۆ، ٢٠١٣، ل١٢).

دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین لە زمانی (عەرەب) یش دا چەند زاراوەیەکیان بۆ وشەی نامۆیی بەکار هێناوە (غربە) یان (التخریب) یان (الاستلاب) یان (الاستلاخ) بەڵام ئەوەی زۆرتر بەکار هاتووە زاراوەی (الغربە، الاغتراب) بووە لەکاری (غربە) واتای حەرەکە و جووڵە وەرگیراوە. بەڵام وشەی (الغرباء) داتاشراوەی ئەم فەرمانەیە لە فەرهەنگی ئیسلامییشدا مانای جیاواز دەبەخشێت بەمانای (خواناسی. باوەڕدار. لەخوداترس) دێت (غربە والغتراب)، کە بەرانبەر وشەی نامۆیی و نامۆبوون بەکار هاتووە لە زمانی عەرەبیدا بە (مانای دوورەوەڵات دوورخستنەوە دووری وەڵاتان ڕۆشتین بۆ دەرەوەی وڵات دێت) (س.پ،ل١٢)

لە زمانی کوریدا زاراوەی نامۆیی لە وشای (نامۆ) لەگەڵ پاشگری (یی) پێکهاتووە. لە فەرهەنگی (هەمبانە بۆرینە) بەمانای بێگانەیی، نامۆش بەمانای غەریبە، بێگانە هاتووە. هەر بەرانبەر زاراوەی (غەریب) ئاوارە لە وڵات، بەستەزمان، گیلۆکە، گۆڕانیی خەمبارانە، سەیروسەمەرە) دەبینینەوە. (هەمبانە بۆرینە، ١٩٩٣، ل١٥٧) لە فەرهەنگی (خاڵدا) ی نامۆ بەمانای غەریب، نامۆش بە مانای بێخەوی، بێکەیفی هاتووە، کە لە ڕانەهاتنی کەسێک لەگەڵ کەسێکی تردا دێتەکایەوە (خاڵ، ١٩٧٩، ل٣١٣)

**پ_چەمک و پێناسەی نامۆیی**

دەتوانین ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین نامۆیی چەمکێکی فرەوانە و لە ڕووی پێناسەوە لەلایان فەیلەسووف و نووسەر و ڕۆشنبیرانەوە لە بوارەکانی جیا جیاکانی

ژیــان چەنــدان پێناســەی جیــاوازی بــۆ کــراوە، واتــە کێشــەی یەکێــک لــە زانســتە مرۆڤایەتییــەکان نییــە، ناتوانرێــت لــە یــەک ڕووەوە ســەیر بکرێــت و مانــای دروســتی بــدات بــە دەســتەوە، بەڵکــوو لــە ڕوانگــە و گۆشــەنیگای جیــاوازەوە ســەیر دەکرێــت، هەروەهــا بــە دیدێکــی زانســتی فــرەوان و جیــاواز لــە بوارەکانــی (ئەدەبــی، فەلســەفی، کۆمەڵناســی، دەروونــی.....) توێژینــەوەی لــە بــارەوە دەکرێــت. ســەرئەنجام دەبــێ بــاوەڕ بــەوە بکەیــن ئــەم چەمکــە خاوەنــی چەنــدان ڕەهەنــدی جیایــە لــە بوارەکانــی ژیــان. وە بــە خاڵێکــی گرنگیــش دادەنرێــت لــە دیاریکردنــی گرفتــە جۆراوجۆرەکانــی مــرۆڤ، وەکــوو پزیشــکێک مامەڵــە لەگــەڵ لایەنــی دەروونــی مــرۆڤ دەکات و دەستنیشــانی خاڵــی لاوازی دەروونــی دەکات، کــە بووەتــە هــۆی خــۆ بەدەســتەوەدان و دەستەوەســتانە بەرانبــەری و لــەم ڕووەوە شکســتی پــێ هێنــاوە.

د. کەریــم شــەریف قەرەچەتانــی دەڵێــت: "نامۆیــی دیاردەیەکی دەروونییە و لە ئەنجامی کارلێککردنی کۆمەڵێک هــۆکاری کۆمەڵایەتــی یــەوە دروســت دەبێــت، لەوانــە هــەژاری و لێقەومــاوی و کارەســاتی دڵتەزێــن و ون بوونــی هێــزو پاڵپشــتوو پەنــاو چارەســەرنەکردنی گرفتەکانــی ژیــان" (قەرەچەتانی، ٢٠١٠، ل١٨٧) واتــە مــرۆڤ ئــەو کاتــەی تووشی نامۆبــوون دەبێــت تووشــی هەنــدێ گیروگرفــت دەبێــت، بــەڵام ناتوانــی چارەســەرێکیان بــۆ بدۆزێتــەوە، لــەم نێوەنــدا هیــچ پەناگەیەکــی نامێنــێ بــۆ ئــەوەی دەســتی بگرێــت. نامۆیی لە حاڵـەت و دیاردەیەکـی دەروونی و کۆمەڵایەتییـەوە ڕووبــەڕووی مــرۆڤ دەبێتــەوە. ئــەم خەســڵەتە دەروونییــە لای هەمــوو کەســێک بەپێــی بــاری دەروونــی ژینگــەی بوونــی هەیـە و مرۆڤـەکان هەرچیـەک بـن و لـە هەرپلـەو پایەوسـەر بـەم خـاوە ئاسـتێکی ڕۆشـنبیری بـن دەشـێت دووچـاری ئـەم حاڵەتەبـن، واتـە کەسـانی ڕۆشـنبیریش لـەم نامۆبوونـە بێبـەش نابــن، لەوانــە ئەمانــە بەهــۆی خوێندنــەوە و تێگەیشــتنیان بـۆ بـاری و ژیانـی تاکـی نـاو کۆمەڵگـە زیاتـر لـە هەوڵـی ئـەوە دابـن لـە ڕێگـەی قەڵەمەکانیانـەوە ئـەم بـارە ناهەمـوارە بخەنــە ســەر پــەڕەی کاغــەزەکان و نیشــانمانی بــدەن، بۆیــە دەڵێـن "ڕەنگـە شـاعیری هەسـت ناسـک لـە هەمـوو کەسـێک زیاتــر هەســت بــە نامۆیــی بــکات بەتایبەتــی ئەگــەر بــە تەواوەتــی درکــی بــە ژیانــی ســتەم و چەوســانەوەی خــودی خــۆی و گەلەکــەی بــکات" (غەمبــار، ٢٠٠٨، ل١٦) شــاعیر دەتوانــێ ئــەو هەســتە دژوارەی کــە لــە دڵ و دەروونــی پەنگــی خواردووەتــەوە، دەتوانــێ لەڕێگــەی شــیعرەکانیەوە دەری بڕێــت و بیخاتــە بــەر دیــدی خوێرانــەوە، بەهــەر جۆرێــک لــە جــۆرەکان تــا ڕادەیــەک خۆشــی لــێ قوتــار دەکات. د. هاوژیــن صیلــوە پێــی وایــە "هەمــوو مرۆڤێــک جارجــارە تووشــی نامۆیــی دەبێــت، بەهــۆی بوونــی گرفتێــک، بــەڵام دوای ماوەیــەک وردە وردە گرفتەکانــی دەڕەونــەوە و کەســێ نامــۆش دێتــەوە بــاری ئاسـایی خــۆی، بــەڵام نامۆبــوون زیــاد لــە ســنووری خــۆی مــرۆڤ بــەرەو ڕەشــبینی و گۆشــەگیری و لێکدانــەوەی خــراپ دەبــات" (صلیــوە، ٢٠١٣، ل١٥١)، واتــە مــرۆڤ بــۆ کات و ســاتێکی دیاریکــراو تووشــی نامۆبــوون دەبێــت، دواتــر دەتوانێــت چــارەی بــۆ بدۆزێتــەوە و خــۆی لــێ ڕزگار بــکات، بــەڵام ئەگــەر وانەبێــت بــەرەو بارێکــی ناهەمــواری ژیانــی وەکــوو ڕەشــبینی و گۆشــەگیری دەبــات.

نامۆبــوون لــە ڕوانگــەی (فرۆیــد)ەوە بریتییــە "لــە هەســتکردنی مــرۆڤ بــە نەگونجانــدن و دووری و بێگانــە لــە دەوروبــەرو پێداویســتییە بایلــۆژی و سێکســیەکان تێرنەبــووە، یاخــود بریتییــە لــە پــەک کەوتنــی مــرۆڤ بــۆ خــۆ قوتارکــردن لــەو مەلولــی و مەینەتییەتــی کــە بەسروشــتی مرۆڤەکانــەوە بەســتراوە لــە ئەنجامــی ئــەو کۆســپانەی دێنــە پێــش بــۆ ڕێگــە چارەیەکــی نێــوان هەوڵەکانــی بــۆ گەیشــتن بــە مەیــل و مەرامــە غەریزەییــەکان، بــە شــێوەیەکی سەربەســت و ڕەهــا لەلایەکــەوە لــە نێــوان زەرورەتــە کۆمەڵایەتــی و ڕۆشــنبیری شارســتانییەکان" (فــاروق، ل١٤) لێــرەدا فرۆیــد نامۆبــوون دەگەڕێنێتــەوە بــۆ چەپاندنــی سێکســی پــڕ نەبوونــەوەی ئــەو هەســتە لــەلای مــرۆڤ ئەمــەش بەڕێگەیەکــی تــر دادەنێــت بــۆ نامۆبوونــی مــرۆڤ، کــە بەهــۆی هەنــدێ عــادات و تەقالیــدی کۆمەڵگــەوە دەبنــە کۆســپ و تەگــەرە بــۆ گەیشــتنی مــرۆڤ بــەو مەرامــە جنســیە، بــە بەشــێکی گرنگــی پڕکردنــەوەی هەوەســی جەســتەی هەژمــار دەکرێــت.

لــە ڕوانگــەی مارکســەوە نامۆیــی "بەمانــا گشــتییەکەی بــاڕوو دۆخێکــی بــە ســەردا ســەپێنراوە، لــە بوونــی مــرۆڤ دا کــە لــە بوونــی ڕاستەقینەی خــۆی دوور دەخاتــەوە دەیانکاتــە

بێگانە، مرۆڤ لەم بارۆوو دۆخەدا تووشی بێگانەیی دەبێت، کە بوارەکانی خۆناسین و داهێنان و سەربەستییەکەی دەگرێتەوە و ڕێگە نادات خۆی بکات بەو کەسەی خۆی دەیەوێت. لە ئاکامی ئەم بارۆوو دۆخەی بووندا مرۆڤ دەبێت بەکەسێکی ترو خۆی ون دەکات ژیانیشی دەبێت بە لاساییکردنەوە، هەروەها پێویستە ئەوە بزانین، کە جگە لە مرۆڤ هیچ بوونەوەرێکی دیکە تووسی نامۆیی نابێت" (سەباح، ٢٠١٥، ل١٥) لێرەدا مارکس بۆچوونی وایە، بەهۆی لێزەوتکردنی ئازادی ڕادەبرین یاخود ژیانێکی ئازادو سەربەست لە مرۆڤ، وا دەکات لەو کۆمەڵگەیە نامۆ بێت، ناتوانێت لە قۆناغەکای ژیانی بەرەو پێش بچێت و داهێنانیشی تیادا بکات، بەڵکوو لێرەدا وەکوو کەسێکی ڕۆبۆتی لێ دێت بە دەست کەسانی خاوەن دەسەڵات و سەرمایەدار و دەست ڕۆشیتوو، بە پێی بیرو بۆچوونی ئەمان دەخرێتەکار ئارەزوو مەرامەکانی خۆیانیان پێ جێ بەجێ دەکەن. بۆیە ئەم مرۆڤە لە ڕووی دەروونییەوە تووشی شڵەژان و ڕووخان دەبێت، دەبێتە کەسێکی (نامۆ، بێزار، ڕەشبینی، یاخی....) لە ژیاندا.

**ت-جۆرەکانی نامۆیی لای شاعیرانی (بزاڤی تەغریبی)**

**١-نامۆیی جوگرافی**

زۆربەی ڕۆشنبیران و نووسەرانی (چیرۆک، ڕۆمان، شیعر)، کاتێ لە وڵات و نیشتمان باب و باپیرانیان دوور دەکەونەوە، بەهۆی دوورییان لە خزم و کەس و هاوڕێیانیان یاخود دوور کەوتنەوە زێدی خۆیان تووشی نامۆیی جوگرافی دەبن، بێگومان لەبەرهەمەکانیان ڕەنگدەداتەوە نامۆیی جوگرافی "گواستنەوەیەکی جوگرافیانەیە لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر. لە شێوازێکەوە بۆ شێوازێکی تری ژیان. لە ڕۆشتبیریەکەوە بۆ ڕۆشنبیرییەکی تریان لە هەرێمکەوە بۆ هەرێمێکی تر... هتد بۆکارێکی دیاریکراو بێگومان ئەم جۆرە نامۆییە بەویستی تاکەو بەزۆرە ملێ نییە. چونکە خۆی بەویستی خۆی وڵاتی بەجێهێشتووە. بەڵام کەسەیری ئەم پێناسە بکەین کە دەڵێ: ڕاگوێزانی کەسێکە لە ژینگەکەی خۆی بۆ ژینگەیەکی تر دووربێت یان نزیک" (قادر، ل٤٥). واتە نووسەر بەویستی خۆی نییە کارەکە دەبێتە زۆرە ملێ، بێگومان لە فەرهەنگی زۆربەی گەلانی دونیا (نیشتمان) بە (دایک) ناسێنراوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خۆشەویستی مرۆڤ بەرانبەر بە خاک ووڵاتەکەی. جا کاتی بە ئارەزووی خۆی بێ یان بەزۆرملێ لە ژینگەی خۆی دادەبڕێ تووشی غوربەت دەبێ، کڵپەی سۆزو ئەڤینی بۆ خاکەکەی هەڵدەستی، نووسەرانیش بۆ دەربرینی ئەم هەستە پەنا بۆ بەرهەمەکانیان دەبەن، وەکوو چارەسەرێک سەیری دەکەن بۆ ئەم ناخۆشیە. شاعیر (سەردار جاف) دەڵێت:

تاڵ تاڵ قژی ئەو کیژەی بۆ تەنیا جارێ لە پەنجەکانم ئاڵا بوو
بۆ کام پەرستگا بنێرم
دەبێرەوە، ئەی شاری حزوور
منی ون و غوربەت دوور
لە ئاوایی شیعری شارا
هەر دەڕۆم و سەر هەڵگرتووی بۆنی بریسکەی ئاگرم
هەر دەڕۆم ناگەمەوە بۆ سەر سنوور
ئەو تخوبەی، وەک مۆتەکە لە زەمەنێکا هاوێر بوو
شووشە عەترێکم دەست نەکەوت
خەمی مەرکانەی شکاوی هەناوی تیا حەشاربدەم
دەڕۆم بەرەو تخوبی دوور
وەک نالییەکەی لای شارەزوور
بۆ حەبیبە بۆ شاری ئارابخا دەگریم
تێناگەم سروەی کام کۆچەر زمان ئولفەتی گرتووە
نەغمەی کام خەونە ئەمێستا لەتەک جەستەم
مەلە دەکا و لوولم دەدا و بۆ خەرابستانی تەمەنمی بردووە
(تەغریبی، ل١٠)

شاعیر لێرەدا هەست و سۆزی غەریبی هەموو ژیانمی داگیر کردووە، شاعیر نامۆیە بەو شوێنەی کە تیایدا دەژیت و ناتوانی لە هیچ بستێکی ئەو خاکە بسرەوێ، بەڵکوو بەردەوام لە ڕاکە ڕاکەیە بۆ ئەوەی بتوانێ لە شوێنێک دڵ و دەروونی خۆیی تیایدا ئارام بکاتەوە و نیشتەجێ بێت. بەڵام هەرناتوانێ ئارامبێ، بۆیە بەرەو سنووره وڵاتی خۆی هەنگاو دەنێت، لە هزرووەدەروونی خۆی یاخود بە خەیاڵ، لەگەڵ جەستەی بۆ وڵات دەگەڕێتەوە، کاتێک خەبەری دەبێتەوە لە بەر چەند هۆ کارێک ناتوانێ ئەم کارە بکات، کەچی تەمەنیشی ڕۆیشتووە.

لــە شــیعرێکی تــر بەنــاوی (حەسرەتەکانــی غەریبــی) شــاعیر (رێــدار ســابیر) دەڵێــت:

ئەزیزانــم تادێمــەوە یادگارییــەکان مەســوتێنن
تادێمــەوە هەناســەکانی منداڵیــم مەوەرێنــن
مـن تـا ئێسـتەش بـە ئومێـدی گەڕانـەوەی لێـرە مـاوم
کـە هاتمـەوە بـۆ خاکەکـەم دەکەمـە دیـاری دووچـاوم
مــن چیرۆکــی غەربیــم و لــە نێوگەشــتی خەیاڵێکــم
مـن حەسرەتێکـی سـووتاوم پەرۆشـی دەنگـی یارێکـم
مـن بێـزارم... بەفـری ئێـرە جەسـتەی سـڕی داپۆشـیوم
ئـەم وڵاتـە چەنـدان خەونـی ڕەنـگا و ڕەنگـی لێدزیـووم

(تەغریبی٢، ل٧١)

دیـارە شـاعیر لـەم چەنـد دێـرە شـیعرەیدا، باسـی ژیانـی خــۆی دەکات و باســی ئــەو بارودۆخــە دەروونییــە دەکات، کــە بــە هــۆی دووره وڵاتییــەوە تێــی کەوتــووە، لەوانــە (نۆسـتۆلۆژیای) گەڕانـەوە بـۆ ئـەو یادگاریيانـەی کـە هەبیـووە لەگـەڵ دۆسـت و هاوڕێیەکانـی یاخـود لـە منداڵـی هەبـوون چەنـدان حـەز و ئـارەزوو. ئـەو ئێشـتاش چـاوی لەوەیـە کاتێـک بگەڕێتـەوە حـەز و ئارەزووەکانـی بهێنێتـە دی و چـاوی خـۆی پێشـکەش بـە خـاک و نیشـتمانەکەی بـکات. "دیـارە کۆچکـردن لـە شـوێنێک بـۆ شـوێنێک تـر ڕووبەڕێکـی فـرەوان لـە دونیـای هەسـت و سـۆز وروژانـدن و تێروانیـن دەخوڵقێنێـت، ئاسـۆی خەیاڵـەی لـە جیهانێکـی تـردا دەفـڕێ ومەلـی داهێنـان وبیـرو ئەهەندێشـەی قوڵـترو هەڵوێسـت و بۆچوونـی نوێـی لا دروسـت دەبێــت، بــە شــێوەیەکی تــر دەڕوانێتــە ژیــان و دەوروبــەر" (مەعـروف، ٢٠١٠، ل١١) لەلایەکـی تـر شـاعیر بـاس لـە بێـزاری خــۆی دەکات لــەم دووره وڵاتیــەوە، ئەمــەش بووەتــە هــۆی ئــەوەی چەنــدان خــەون وئــارەزوەی جۆراوجــۆری لــە کیــس بچێــت و دەستەوەســتان بــۆی بووەســتێ. بۆیــە دەڵێــت:

گەڵای حەزم لە پایزی ئەم وڵاتە سەوزنابێ
ئەلبومی ڕەشی تەمەنم جارێکیتر سپی نابێ
منی لەژێر باری قورسی خەم لەمەنفایە داڕووخاوم
هەموو ڕۆژێ واهەست ئەکەم تاریک دادێ نووری چاوم
هەموو ڕۆژم مردنێکە لە ژێر ئاسمانی ئەم شارە
ئەوینێکی سەرما بردووم بێناز کەوتووم لەم هەوارە

(س. پ. ل٧١)

شـاعیر لـەم دیالۆگـە لەگـەڵ خـۆی باسـی ئـەوە دەکات و پێـمان ڕادەگەیـە نێـت، کـە ناتوانـێ هیـچ جـۆرە حـەز و ئـارەزوو ئاواتەکانـی لـە وڵاتـی غەریبـی بـەدی بهێنـت، باسـی ئـەو بارودۆخـە سـەختە جەسـتەیە دەکات کـە ژیانـی تاراوگـە تێـی کەوتـووە، بـاس لـە دارمانـی جەسـتەی خـۆی دەکات یاخـود بـاس لـە مـردن و تاریـک بوونـی بینایـی چاروەکانـی دەکات، بێگومـان کاتـی کەسـێ لـە غوربـەت دەژی و خـۆی بەتەنیــاو غەریــب دەزانــێ لــەو وڵاتــە، تووشــی چەنــدان جـۆری بیرکردنـەوە خـراپ دەبـێ، هـەر بۆیـە تووشـی نامۆیـی جوگرافــی دەبێــت و خــۆی دووره پەرێــز ڕادەگرێــت.

**٢ـ نامۆیی کۆمەڵایەتی**

بـە شـێکی تـری شـاعیران و نووسـەران تووشـی نامۆییـی کۆمەڵایەتـی دەبـن، ئـەو کاتـەی کـە هەسـت دەکـەن هەندێـک دیـاردەی لـە نـاو کۆمەڵگـە ڕێگـر دەبـن لـە دەربڕینـی ئازادانـەی هەسـت و سـۆزی خۆیـان و دەبنـە بـەر بەسـتێک لـە بـەردەم دەربڕینەکانیـان، ئەمـەش وەکـوو هەندێـک یاسـای نـاو گـەل و کۆمەڵــگا و یاخــود کولتــوور و نەریتــە کۆمەڵایەتییــەکان دەبنـە بەربەسـتێکی بـێ ڕەحمانـە بـۆ لەنـاو بردنـی هیـواو ئـاوات و خەونەکانـی، نووسـەریش ئـەم کۆمەڵگایـەی وەکـوو دۆزەخێـک سـەیر دەکات بەرانبـەر بەدیهێنانـی ئارەزووەکانـی، بۆیـە "دابرانـی تـاک وە جیابوونـەوەی لـە کۆمەڵـگا و گرنگـی نــەدان بــە پێوەندییــە کۆمەڵایەتیەکانــو دژایەتیکردنــی ئــەو شــتانەی کــە پێوەندییــە کۆمەڵایەتیــەکان ڕێــک و ئاراســتە دەکات یــان دژایەتیکردنــی ئــەو دۆخــە نــەرێ و چەســپاوە کۆمەڵایەتییـەی لـە کۆمەڵگـەدا پیـا دەکرێـت" (عەلـی، ٢٠٠٥، ل٥٦) دەبێتـە هۆکارێـک بـۆ ئـەوەی شـاعیرانیش خۆیـان دووره پەرێــز بگــرن و لــەو نەریتــە باوانــە لابــدەن نامۆیــان پــێ، یاخـود هەندێـک لـە شـاعیران وای بـۆ دەچـن کارێـک بکـەن، کـە لەگـەڵ داب و نەریتـەکان بگونجێـت نەبێتـە هـۆی دابـران لێکـترازان. لـەم بارەیـەوە شـاعیر (ڕۆسـتەم باجـەلان) دەڵێـت:

مەتەڵی سەردەم، فشار دەخاتە سەر
بزەخەنەم
پەنگاوی ڕێگەی دوومی حەزم لێدەڕمێنێ
بەچەمکی خێڵە کییانەی سەدە تاریکەکان
خەونە سەردەمییەکانم دەدوێنێ

دواتریش، لە ناو چاڵاوی تاریکایی ڕاوە
پێشکەم پێ دەکا
لەگەڵ پەیکەری بوونم هەڵدەکا
خۆشی دەوێم، بێزیشی لێمدە بێتەوە
من لە زمانی ئەم بانگدێرە زێدە خۆرە
منۆکی ــ یە ناگەم من دەمەوێ ئەم مەتەڵە ئاڵۆزو
پاڵۆزەی سەردوەم لە جێوە هەڵدەم.

(تەغریبی٢، ل٥١)

ئەمـە یەکێکـە لـەو شـیعرانەی شـاعیر بـاس لـە نەگونجانـی خـۆی دەکات، لەگـەڵ ئـەو داب و نەریتـە خێڵەکیانـەی بوونەتـە ڕێگـر لەبەردەمـی بـۆ هێنانـە دی مەبەسـت و ئامانجانەکانـی، هەروەهـا بوونەتـە بەربەسـتێک لـە بەرەوپێشـچوونی بـە هەرەکانـی و مانـەوەی لـە چـەڵاوی تاریکایـدا، دیـارە ئەمـەش پێوەنـدی بـە داب و نەریتـی و کولتـووری کۆمەڵگـە دواکەوتووەکانـەوە هەیـە، سـنووری حـەزو ئـارزوو بەرتەسـک دەکەنـەوە، دەبـێ شـاعیران ئـەم ڕێگەیـە بگرنـە بـەر لەگـەڵ یاسـا و نەریتەکانـی کۆمەڵگـە بگونجێـت، بـەڵام شـاعیر لێـرە نامۆیـە بـەو یاسـا و دەسـتوورانەو بـۆ وەدیهێنانـی حـەز و ئارەووەکانـی هەوڵـی داوە فرێیـان بـدات.

شـاعیر (خالیـد ئۆسـمان) لـە شـیعری (دیـواری نـاخ..... سـەفەری چێـژ) دەڵێـت:

چەند سەخت و ئەستەمە
بەم جۆرە بتناسم
بەم جۆرە خۆشت بوێم
ڕێگەکانی کۆشکی منت ون کردووە
کە چاو دەبرمە شمشێرە تێژەکەی سەر سەرم
ئینجا دەزانم چ جەللادێکی
چ قەدرێکە گۆی وەرسبوون
جەستەم هەڵدەداتە گۆشەی ونبوون
ئەتۆ شەکرە خەونێکی سپیت و
ئەمنیش با خۆسی ڕیتمە مەستەکان
دەزانم تۆی سێبەری دیوارە داخبووەکانی شار
پرسە بۆ سفرەی حەزەکانم
دانانێت

(تەغریبی. ، ل١٨)

خالیـد ئوسـمان لـەم پارچـە شـیعرە باسـی سـەختی و دژواری بەیەکگەیشـتنی دوو خۆشەویسـت دەکات، چونکـە شـاعیر " هەسـت بەبـێ دەسـەڵاتی دەکات لـەوەی، کەبتوانێـت کار بکاتـە سـەر ئـەو بیـروو بـاوەڕوو هەڵوێسـتە کۆمەڵایەتیانـەی، کـە کاریـان لەگەڵـدا دەکات" (قـادر، ٢٠٠٧، ل٢٤) دەزانـی باسـکردنی کچـی خەڵکـی و خۆشویسـتنی کارێکـی وا ئاسـان نییـە، لەوانەیـە مەرگـی لەدوابێـت باسـی شمشـێری تیـژ دەکات، مەبەسـت لەناوچوونییەتـی. بۆیـە ڕوو دەکاتـە یـار و دەڵێـت، ڕاسـتە تـۆ بەدڵێکـی ناسـک و خەونێکـی سـپی تیگەیشـتوویی و دەتەوێـت حـەز و ئارەزووەکانـی خۆمـوو خـۆت بـەدی بهێنیـت، بـەڵام ئـەوەی تـۆ بیـر لـەو ئەڤینـە ڕاسـتەقینە پـاک و بێگـەردە دەکەیـەوە هـەروا بـە ئاسـانی لـە سـەر مـن و تـۆ تێپـەڕ نابێـت و عـادات و عورفـی کۆمەڵایەتـی بەکارێکـی نـارەواو سـەرپێچی دوور لـە ڕەوشـت و بەهـا کۆمەڵایەتییـەکان کۆمەڵگـەی کـوردی سـەیری دەکـەن.

لە شیعرێکی تر (محەمەد عەبدول کەریم) دەڵێت:

هەزارویەک ئاواتم بوو ڕەشەبای ڕووداو بەبای کرد
عەشقی شۆخێکی قەشەنگ بووم، پر بەدڵم
بەر لەوەی ئاوێزانی بم
گێژەلۆکە فڕاندی، وەک تریفەی مانگ ئاوایکرد
ئەم مەملەکەتە شوومە هەمووی وایە
ژینگە بوومە....

(تەغریبی. ، ل٤٧)

شـاعیر هەمـان شـت دووپـات دەکاتـەوە باسـی داب و نەریتـی کۆمەڵگـە و مەملەکەتـی خـۆی دەکات، کـە چـۆن بوونەتـە ڕێگـرو بەربەسـت لـە هێنانـەدی ئـاوات و ئامانجەکانـی و چەنـدان ئاواتیـان لـە ژێـر گڵ نـاوە، نموونـەش بـە ئاشـق بوونـی شـۆخێک دەهێنێتـەوە، کـە چـۆن گێژەلۆکـەی نەهامـەت لێـی فرانـدووە، شـاعیر تـا ئەوپـەری نامـۆی خـۆی نیشـانداوە بەرانبـەر بـە کولتـوور و سیسـتمی پیـاو سـالاریە لـە ژێـر نـاوی شـەرەف و ناموسـەوە چـۆن ژنـان دەکـوژن و لـە ناویـان دەبـەن.

**٣ــ نامۆیی ڕامیاری**

بەهـۆی ئـەو هەمـوو کێشـە سیاسـیانەی بەرۆکـی کۆمەڵگـەی کـوردی گرتـووە، یاخـود بەشـی هـەرە زۆری

مێــژووی گەلەکەمانــی لــە خۆگرتــووە، بگــرە هــەر لــە (تــاڵان، ئەنفــال، کیمیابارانکــردن، جینۆســاید هتــد) ئەمانــە بوونەتــە هەوێنکـــی بـــاش بـــۆ شـــاعیرانمان، بـــۆ ئـــەوەی لەرێگـــەی شیعرەکانیانەوە هەست و سۆزی خۆیان دەربـڕن و دژی ئەو زوڵمـە بووەسـتنەوە. بۆیـە دەتوانیـن بڵێـن ئەدەبـی گەلەکەمـان ناتوانـێ خـۆی بێبـەش بـکات لـەو کێشـمە کێشـمەی سیاسـەت، لــەم بارەیــەوە (محەمــەد ســاڵح عەبدولڕەحــمان) پێــی وایــە "نامۆیـی ڕامیـاری لای مـرۆڤ کـورد لـە سـەدەی بیسـتەهەمدا زیاتـر پـەرەی سـەند، چونکـە هـەر چـوار دەوڵەتـی تورکیـا و ئێـران و عێـراق و سـوریا، هەریـەک بەجیـا کەوتنەداپلۆسـینی مرۆڤـی کـورد لەبـەر تێکۆشـانی و خەباتـی ڕامیـار و نەتـەوەی بـۆ بەدەسـتهێنانی ئـازادی و سەربەسـتی، ئـەم بارودۆخـە نـا لەبـارە لـە نـاو هۆنـراوەی کوریـدا ڕەنگـی دایـەوە، چونکـە چەوساندنەوەی ڕامیـاری دەبێتـە مایـەی سـەرهەڵدانی نامۆیـی ڕامیــاری" (عەبدولرەحــمان، ٢٠١٣، ل٩٠) لێــرەدا تاکــی کــورد ســەیری خــۆی دەکات وەکــوو تاکێکــی دابــڕاو لــە پارچەکانــی تــری نیشــتیمان، شــاعیر و ڕۆشــنبیرانیش زیاتــر ئــازاری ئــەوە دەچێــژن و هەســت بــەو نەهامەتــی و دەردەســەریەی مرۆڤــی کــورد دەکــەن بەدەســت ئــەو دەســەڵاتدارە داپلۆســێنەرەی، کــە هــەردەم لــە بیــری ئەوەدایــە چــۆن ڕێگەیــەک بدۆزێتــەوە بــۆ لــە نــاو بــردن و قرکردنــی مرۆڤــی کــورد. لــەم بارەیــەوە (محەمــەد عەبــدول مەجیــد) لــەو کوپلــە شــیعرە دەڵێــت:

که لەوێ بووم
بێ ناسنامه
بەڵام یەکجار بەختەوەربووم
بەبێ ترس هەڵدە فڕیم
له سەر بانی ئەستێرەکاندا ڕەت دەبووم
نەکەس پێی دەگوتم: بۆ کوێ ؟
نە هیچ سنوورێکیش هەبوو، ڕێم لێ بگرێ
ئێستە لێرە
کەوتووم... پەروباڵ گراوم
لە ناو قەفەسی قوڕینە بەندکراوم
بە باسنیش دادگایی دەکرێم
بــە شــەقی تــەڕ تێهــە ڵدەدرێــم مــن وامزانــی لەبــەر تاوانــی ســەردەمی باڵداریمــە
بەڵام دەڵێن:
تۆ لە ناو قەفەس تاوانت ئەنجامداوە
ئەی کەوایە بۆ ندکراوم.

(تەغریبی. ، ل٤٦)

ئـەم جـۆرە نامۆبوونـەی شـاعیر نارازیبوونـە لـەم باردۆخـە سیاسـیەی لـە بەرانبـەر مـرۆڤ یاخـود تاکـی کۆمەڵگـە پێـڕەو دەکرێــت، ســنووری ئــازادی ژیانــی لــێ تەســک کراوەتــەوە، بۆیـە ئـەو مرۆڤانـە لـەم جـۆرە ژیـان و حوکمرانییـە دەتۆرێـن و هەندێـک لـە سیاسـەتمەدارو ڕۆشـنبیر و نووسـەران، تاوەکـوو ئــەم دەســەڵاتە مابێــت لــە مەنفــا ناگەڕێنــەوە، یاخــود بڕیـاردەدەن هـەر نهگەڕێنـەوە ئەمـەش لەبـەر کارە خراپەکانـی دەسـەڵات زۆر جـار ئەمەمـان بیسـتووە کاتێـک دەسـەڵادارێکی سـتەمکار لـە نـاو دەچێـت، ئینجـا هەندێـک لـەو ڕۆشـنیرانەی دژی ئــەو دەســەڵاتە بــوون دەتوانــن بگەڕێنــەوە. بۆیــە شــاعیر مەنفــا بەشــوێنێکی ئارامــتر لــە نیشــتمانەکەی خــۆی دەزانــێ، لـە ترسـی ئـەوەی تۆمەتـی بـۆ هەڵبەسـتن و تووشـی ئەشـکەنجەدان و دادگایـەک بکرێتـەوە ببێتـە ڕێگـەی مەترسـی لـە سـەر ژیانـی.

لـە شـیعرێکی تـری ڕامیـاری (سـەروین زیـاد) لـە شـیعری (پەڵـە ڕووناکـی) دەڵێـت:

بە پەیکە موگناتیسە پەلدارەی کرداری بگۆڕی ڕەگ
پەلە ڕووناکیان لە ڕووخساری ئەم وارە بێ ناسنامەو
پەسا پۆرتە دەکردەوە
ئەوانەی ئەم کردارەیان جێبەجێ دەکرد:
لە هەموو سەردەمێکا
دەنگیان پێدەدار
لە کۆنگرەی ڕۆشنبیراندا
مەسیحێکی نامۆکەری دیکە ئەم ناوەیان
لە خاچ دەدا.

(تەغریبی ٢، ل٧٤)

شـاعیر لێـرەدا ڕەخنـە دەگرێـت لـە کۆمەڵانـی ڕۆشـنبیران و نووســەران و خوێنــدەواران کــە چــۆن ئــەو دەســەڵاتەی هەمــوو ڕووناکیەکــی لــەم گەلــە ســتەمدیدە ســاندووەتەوە، دووبــارە ئەمانــە دەنگیــان بــەو دەســەڵاتە داوە و لێــرەدا نــاوی حەزرەتــی (مەســیحی) (د.خ) هێنــاوە، چونکــە ئایینــی

ئیسلامدا هاتووە ڕۆژێک ئەو دەگەڕێندرێتەوە بۆ سەر زەوی و هەموو میللەتە ستەملێکراوەکان ئازاد دەکات و لە سەری زاڵم و زۆردارانیش دەدات. بەڵام لە کۆنگرەی ئەو ڕۆشنبیرانە بێگومان سەربە پیاوانی دەسەڵاتن، هەرکەسێ ویستوویەتی بۆ ئازادی ئەم نەتەوەیە کار بکات هەوڵی دەرکردن و لە ناو بردنیان داوە.

لە شیعری (شمشاڵە من) شاعیر (مەسعود نووری) دەڵێت:

له ناو گەڕووی شمشاڵی دووا مۆدیلی سەردەم
ئاوازێکی تەغریبی هەڵیدەکرد
ئاوازە هونەرمەهەندێکی لێهاتوو بوو
هەمە ڕووخسار
هەمە دیوو بوو
لەدەرەوەی مەڵبەندی لەدایکبوونییەوە
نەخشە وارێکی بێ ناونیشانی دەکێشا
ئەم وارە بە هۆی ئاوازەکەوە دەناسرێتەوە
ئاوازەکەش بەهۆی وڵاتێکی لەتو پەتکراو

(تەغریبی٤، ل٢١)

شاعیر پێی وایە دەوڵەتانی جیهانی ئەوسا لە دوای هەوڵێک دەگەران بۆ وەدی هێنانی باشترین مۆدێل، پێشبرکێی ئەوەیان دەکرد چۆن بتوانن خوشگوزەرانی و ڕەفاهیەتی ژیان بۆ کۆمەڵگەی خۆیان و مرۆڤەکان دەستەبەر بکەن، بەڵام هەر ئەمانە لە دەرەوەو دەووروبەر پێشبرکێی نەخشە ڕێگەیەکی تر بوون یاخود پلانگێرێکی تریان دادەرشت چۆن بتوانن ئەم وڵاتە پارچە پارچە کراوە هێشتا بەرەو نەهامەتی و لەناوبردن بکەنەوە، ڕێگری بکەن لە هەر بەرەو پێشچوونێک کە لە سوودو قازانجی ئەمان بشکێتەوە.

**٤ـ نامۆیی ڕۆشنبیری**

گومان لەوەدا نییە، کە نووسەر و شاعیرانی بزاڤی تەغریبی ئەدەبیمان لە هەوڵی ئەوەدا بوون، چۆن بتوانن ئەم تابوو و دابونەریتە کۆنەپەرست و چەقبەستووەی لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەیە بشکێنن و بە خامە ڕەنگینەکانیان بتوانن بڕیاری لەسەر بدەن. "لەم بوارەدا نامۆبوون مانای ڕەتکردنەوەی ڕۆشنبیری گەل و جەماوەرە لەلایەن تاکەکەسەوە. لەم نێوەدا (نیتلەر) پێی وایە کەسی نامۆ بوو لە کۆمەڵ و ڕۆشنبیریەکەی نامۆ دەبێت و لە هەمبەریاندا کەمتەرخەم و خەمسار دەبێت، بەڵام (میدلتون) کاتێک قسە لەسەر نامۆبوونی ڕۆشنبیری دەکات پێوایە نامۆ ئەو کەسەیە ئەم دەستەواژەی پێی قەبووڵە، من گرنگی نادەم بە بەرنامەکانی تەلەفزیۆن و فلیمەکان و گۆڤارەکان، کە زۆربەی خەڵکی حەزیان لێیەتی" (بۆکانی، ١٩٩٩، ل٢٣٦) زۆر جار کەسانی ڕۆشنبیر هەست بەوە دەکەن، کە ڕۆشنبیری کۆمەڵگەکەی بەرەو لاساییکردنەوەیەکی کوێرانە ڕۆشتووە هیچ مۆرکێکی ڕەسەنی پێوە نەماوە، هەندێ جار وەرگرتنی ڕۆشنبیری بێگانە لە ڕێگەی هەندێک کەناڵی غەربییەوە دێتە ناو کولتوور و فەرهەنگی میللەتێکی دیاریکراو، لایەنێکی زۆر نێگەتیف دروست دەکات و بەشێکی زۆری تاکەکانی کۆمەڵگە تووشی نامۆیی دەکات، چونکە زۆر گرنگە هەموو میللەت بە ڕەوتێکی مەعریفی تەندروستدا بڕوات لە چوارچێوەی جڤاکی خۆیدا، بێگومان وەرگرتنی ڕۆشنبیری گەلانی تر تێکەڵکردنی لەگەڵ کولتووری نەتەوەکەتدا کاریگەریی خۆی دەبێت.

(عەبدلوهاب فوئاد شاکر) لە شیعری (تابلۆیەکی تەغریبی) دەڵێت:

خەیاڵ، لەمنەوە سەرچاوەی گرتووە
هەرکە لێش دەترازێم
دەڵێم کوانێ هاوڕێم؟
کوانێ ئەو خانووە پڕ کتێب و تابلۆیانەی
کە لێی دەژیایین؟
بۆچی لێ دابڕین
له نکاو ڕا سەیر دەکەم
من منم
منیش نیم
له پاڵەوە بە گوڕ دەگریم
لەناو سکی گریاندا
تابلۆیەکی تەغریبی لە دایک دەبێ......!!!

(تەغریبی٣، ل٧٠)

شاعیر بیر لەو ڕۆژگارانە دەکاتەوە لەگەڵ هاوڕێیەکانی

بـووە، یاخـود بـاس لـەو ڕۆژگارانـە دەکات کـە ماڵەکەیـان پـڕ لـە کتێـب بـووە، بـەڵام دیـارە ئێسـتە بەهـۆی سـەرقاڵیی ژیـان و زۆربوونـی ئامێـرە ئەلیکترۆنـەکان وای لـێ کـردووە، ئـەو هەسـت و سـۆزەی جارانـی بـۆ کتێـب نەمێنێـت، دەتوانیـن بـە شـێوەیەکی گشـتی وا دەڕوانینـە کۆمەڵگـەی کـوردی ئاسـتی خوێندنـەوە کەمـە، بـە هۆکارێکـی سـەرەکی دادەنرێـت، بـۆ دواکەوتـن تاکـی کـورد. زۆربـەی شاعیرانیشـتمان باسـیان لـەو نەزانیـن و نەخوێندەوارییـە کـردووە و بـە سـەرچاوەیەکی سـەرکییان دانـاوە یاخـود بەهۆکارێکـی دیـارو کاریگەریـان دانـاوە بـۆ دوا کەوتنـی نەتـەوەی کوردیـمان. شـاعیر (لاوەنـد سـەرمەدی) لـە شـیعری (ڕێچکـە قـەڵا) دەڵێـت:

لە قەڵای سوری ئازادی
لەگەڵ هەڵەی پێش کۆتاییشم دا
نووسینەکانم هەڵەی مێژووییان
تێدا دەکەوت
ئەو هەڵە مێژووییانەی
ڕێچکەی قەڵامیان دەگۆڕی
ئیدی.....
پەرتوکە گڵاویەکانم لە پێش چاوانمدا
پەرپووت.... پەرپووت دەبوون
پەرپووت.... پەرپووت

(تەغریبی٤، ل٢٥)

بـێ بشـک ڕۆشـنبیران چینێکـی کارا و گرنگـی هەمـوو کۆمەڵگەیەکـن، دەتوانـن لـە ڕێگـەی نووسـینەکانیان تاکـی نـاو کۆمەڵگـە ئاشـنای ئـەو ڕووداوانـە بکـەن و پـەردە لـە ڕووی زۆری ڕاسـتییەکان لابـەرن. شـاعیر لێـرەدا پەشـیمانە لـەو نووسـینانەی بـۆ هەنـدێ لایەنـی نیشـتیمان کـەی نووسـیوویەتی، چونکـە ئـەو ئامانـج و مەبەسـتەی نەپێـکا کـە شـاعیر دیویسـت، بەڵکـوو هەندێـک کـەس ئـەو هەڵەیـان قۆسـتەوە بـۆ مەرامـی خۆیـان. بۆیـە نەفـرەت لـە پەرتووکەکانیـدا دەکات و بـە بۆچوونـی خـۆی بـە هەڵـەی مێژوویـان دەزانێـت. لێـرەدا ڕۆشـنبیران کاتـێ هەندێـک شـتی نامـۆ دەبینـن لەلایـان دەسـەڵاتدارانەوە بەرانبـەر بـە نەتـەوەو خاکەکـەی دەکرێـت لـە بۆچوونەکانـی سـارد دەبێتـەوە یاخـود پاشـگەز دەبێتـەوە، کارەکەشـی یاخـود نووسینەکانیشـی لـە پێـش چـاوی نامـۆ دەبێـت.

**٥ـ نامۆیی خودی**

هەمـوو تاکێـک لـە ژیانیـدا، تووشـی ئـەم شـێوازی نامۆبوونـە دەبێـت، بـەڵام بـۆ هەندێکیـان درێـژ خایـەن نییـە، فرۆیـد لـە توێژەینەوەکانیـدا، نامۆبوونـی خـودی، پەیوەسـتی هەڵکەوتـەی مـرۆڤ دەکات، بـە شـێوەیەک ئـەم شـێوازە لـە نامۆبـوون، هەسـتکردنی مرۆڤـە بەکەساسـی و مەلوولـی و نەگونجـان لەگـەڵ دەوروبـەری کۆمەڵایەتـی بەپێـی پێویسـتی و دووره پەرێـزی لـە کۆمـەڵ، ئـەم چەمکـە بـەلای فرۆیـدەوە لەسـەر تـاک زەوتـر دەردەکەوێـت، کاتێـک دەستەوەسـتان دەبێـت لـە خـۆ ڕزگارکـردن لـە هەمبـەر ئـەو کەساسـی و مەلوولیـەی تێـی کەوتـووە، ڕێگـە چارەیەکـی بـۆ نادۆزرێتـەوە، بەمـەش تـاک دەکەوێتـە ململانێـی لەگـەڵ خۆیـی و دەوروبەرەکەیـدا، ناگونجـێ لەگـەڵ داب و نەریـت و بۆچوونەکانیـان بۆیـە دەبێتـە کەسـێکی نامـۆ. (فـاروق، ١٩٩٧، ل١٤). زۆر جـار ئەگـەر سـەیری کـە سـاڵێ نامـۆ بکەیـن یاخـود نووسـەر و ڕۆشـنبیرو شـاعیرانی نامـۆ بکەیـن دەبینیـن "ناتوانێـت مومارەسـەی مـاف و داواکاری حـەزو ئارەزووەکانـی خـۆی بـکات و کۆمەڵگـە دەبێتـە لەمبـەر لەبەدیهێنانـی ئـەو حەزوداواکاریانـە، ئیـتر کۆمەڵگـە بـە سـەر بازگـە دەشـوبهێنێت وەکـوو دەزگایەکـی سـەرکوتکردنی حـەزو ئـارەزووەکان و داچەپاندنـی مەیلـی بۆچوونەکانـی، کـە ناتوانێـت لـەم سـەربازگەیە گوزارشـت لـە بۆچوونەکانـی خـۆی بـکات بۆیـە هەسـت بـە نائارامـی دەکات لەحاڵەتێـک دا کـە دەروون نەخـۆش دەبێـت یـان دەوروبـەری ناگونجێـت" (حەمـەد، ٢٠٠٢، ل٢٠٢) دەبێتـە جێگـە سـەرنج ڕاکێشـانی کەسـانی تـرو جیـاواز دەردەکەوێـت و ناتوانێـت لەگـەڵ کەسـانی ئـەو کۆمەڵگەیـە هەڵسـوکەوت بـکات و یاخـود لەگەڵیانـدا بـژی، بۆیـە گۆشـەگیر دەبێـت و ژیانێکـی مەمـرەو بـژی بەسـەر دەبـات. شـاعیر (ڕێـدار سـابیر محەمـد سـاڵح) لـە شـیعری (داڵغـە) لـەم بارەیـەوە دەڵێـت:

زۆر جار داڵغەیەکی قووڵ
ئەکەمە میوانی خۆم و
لە نێو گەشتی پرسیارەکان
دا ئەنیشم
بیر لە شە پۆڵە تۆقێنەرەکانی

(بوون) ئەکەمەوە
ئەلێم خوادیە
ژیان چەند سەیرە
مرۆڤ چ بوونەوەرێکی نامۆیە

(تەغریبی٣، ل٦٤)

شـاعیر ئـەم جـۆرە تێروانینـەی خـۆی بـۆ ژیـان و بـوون لـە نامۆبوونـەو سـەرچاوە بەرهـەم دەهێنـت، شـاعیر لێـرەدا هیــچ مەبەســت و ئامانجێکــی بــۆ بەهــای ژیــان نەمــاوە، واتــە ئــەو کــە لێنــە دەپێوێــت کــە دەکەوێتــە نێــوان ژیــان و مردنــەوە. ئــەو وا بیــری لێدەکاتــەوە، دەبــێ ڕۆژێــک بــێ هەرمبریــن و کۆتایــی بــەو ژینــە بێــت، بــە بۆچوونــی خــۆی هیــچ پێویسـت بـەوە نـاکات مـرۆڤ خـۆی بەبوونـی ژیانـەوە سـەرقاڵ بکات.ئەمـەش دەگەڕیتـەوە بـۆ ئـەو پـەری بیـزاری و نامـۆی، کاتیـک مـرۆڤ لەنـاو کۆمەڵگـەی خـۆی هەسـت بـە نائومیــدی دەکات.

(ئاری ئاغۆک) لەشیعری (هەناسەی غەریبی) دەڵێت:

ئەی زەمەن
لەم غەریبستانە تەنیاییەدا
واهەناسەی غەریبیم
سەرتاپای ژووری گرتۆتەوە
خەریکە ماڵێک دروست دەکەم لە غەریبی !!
ئیمشەو...
لەجاران غەریب ترو تەنیا ترم !!
لەغریبی خۆم دا مۆمێک نادۆزمەوە بۆ بەختەوەری...
ئاخر چی بکەم...
لەوەتەی "وجود" ی خۆشم ناسیوە
زۆر غەریبانە
سوتاوم لە نێو بازنەی
ترس و
شەرم و
گوناحـ و
ت ە ن ی ا یی ی

(تەغریبی٢، ل٧٣)

دەتوانیــن بڵێــن بێــزاری شــاعیر لــەو بــاڕوو دۆخــەی کــە تیایــدا دەژی، لــە ڕووی دەروونیشــەوە تووشــی حاڵەتێکــی ســەر لێشـێواوی بـووە ناتوانـێ ئۆقـرە بگرێـت، دیـارە ئەمـەش نیشــانەیەکە لــە نیشــانەکانی نامۆبوونــی شــاعیر بەوژیانــە، شـاعیر هەوڵێـداوە لـەم شـیعرە هەندێـک مەسـەلەی وەکـوو (تـرس، شـەرم، گوناهـ...) بوروژێنێـت. ئەمانـە هەندێـک ڕێـکار یاسـاینە سـەبارەت بـە داب و نەریتـی کۆمەڵگـە، بوونەتەرێگـر لەبـەردەم وەچنـگ خسـتنی هەنـدێ مەبەسـت و ئامانجـەکان. "زانــای ئەڵمانــی (کاربــن هۆرنــی) ســەر چــاوەی نامــۆی دەگەڕێنێتــەوە بــۆ فشــارە ناوەکییەکانــی مــرۆڤ. ئــەم فشـارە وا لـە مـرۆڤ دەکات بەزۆرتریـن ئاسـتی تـەواوکاری بـکات. هەتاوەکـوو نموونەیەکـی بـاش بـۆ خـۆی بهێنێتـە دی و دەروونــی خــۆی بگەیەنێتــە ئــەو وێنانــەی کــە خــۆی دەکێشـێت، هـاوکات پێـی وایـە ململانێـی لەنێـوان پاڵنـەڕوو حـەزو پێداویسـتیەکانی کاریگەریـان لـە دەرکەوتنـی دیـاردەی نامۆبــوون هەیــە، کــە ناتوانێــت تێریــان بــکات ئەمــەش دەبێتــە هــۆی دڵەراوکــێ و هەڵچــوون و شــلەژانی کــەس" (زاهـد، ٢٠١٥، ل٤٠ ) بێگومـان ئەمانـەش کاریگەرییـان لەسـەر خــودی شــاعیر دەبێــت.

### ئەنجام

١. ئاشــکرایە هیــچ بزاڤێکــی ئەدەبــی لــە سەرتاســەری جیهانــدا لــە خــۆوە بــێ هــۆکار چــرۆ نــاکات، دەبێــت لــە پێناویـدا زەمینـە سـازێکی گونجـاوی بـۆ فەراهـەم بکرێـت بـۆ گەشەســەندن و ســەرهەڵدانی بزاڤەکــە.

٢. یەکێــک لــە هۆکارەکانــی ســەهەرڵدانی ئــەم بزاڤــە ئەدەبییــە ئــەوە بــوو، لــە ڕۆژگاری ئەوســا ســەرهەڵدانی چەنــدان ڕێبــازی ئەدەبــی بــوو لــە ڕۆژئــاوا، بێگومــان ئــەم قوتابخانـە کاریگەریـان هەبـوو لـە سـەر زۆربـەی بەرهەمـی ئەدەبـی گەلانـی جیهانـەوە، ڕۆشـنبیران و نووسـەرانی ئەدەبـی ئێمــەش بێبــەش نەبــوون لــە ســوود وەرگرتــن لــە بەرهەمــە ئەدەبییەکانـی ئـەم ڕەوتانـە، ئینجـا لـە ڕێگـەی ڕاسـتەوخۆبێت یاخــود لەرێگــەی وەرگێڕانــی گەلانــی دەوروبــەر بێــت.

٣. خاڵێکـی هـەرە گرنگـی سـەرهەڵدانی ئـەم بزاڤـە ئـەوە بـوو، ڕزگاربوونـی خاکـی کوردسـتان لـە چنـگ ڕژێمـی بەعـس و هەڵمژینــی کەشــوهەوایەکی ئازادانــە لەلایــان نووســەر و ڕۆشــنبیرانی ئــەوکات. ئەمــەش وایکــرد بەبیــرو هزرێکــی

ئازادانە کار بکەن و دەست بۆ هەموو کون و کەلەبەرێکی ژیانی کۆمەڵگەی کوردی ببەن، بە شێوەیەکی سەربەستانە بەبێ هیچ جۆرە چاو سورکردنەوەیەک و ساسنۆرێک بەرەو بەکارە ئەدەبییەکانیان بدەن و بۆچوونە ڕەخنەیەکانی خۆیان لە بواری ئەدەبدا دەربڕن.

٤. یەکێکی تر لەو خاڵانەی دەتوانین بۆ سەرهەڵدانی ئەم بزاڤە باسی لێوە بکەین، پەیدابوونی گیانێکی یاخیبوونە لای ڕۆشنبیران، ئەمەش بێگومان چینی ڕۆشنبیران و نووسەران زوو هەست بەو بارە ناهەمووارە دەکەن، کە کۆمەڵگەی کوردی گرتۆتەوە بگرە هەر لە ڕووی (سیاسی، ئابووری، ڕۆشنیری، کۆمەڵایەتی...) بەرەو دارمانێکی نامۆ هەنگاوی دەهاوێشت.

٥. نووسەرانی بزاڤی تەغریبی بۆ دەربرینی هەستی نارازیبوون بەرانبەر ئەوبارە ناهەموارەی کۆمەڵگەی کوردی گرتۆتەوە، هەڵسان بە هەڵبژاردنی چەمکی (نامۆیی)، چونکە ئەم چەمکە ڕەهەندێکی فەلسەفی فرەوان هەیە. بۆیە نووسەران و شاعیرانی ئەم بزاڤە توانیان لەرێگەی چەمکی (نامۆیی) یەوە مەرامەکانی و بۆچوونەکانی خۆیان لەرێگە بەرهەمەکانیانەوە، جا چ شیعر بێ یاخود پەخشان یان چیرۆک هەڵبژێرن و ڕووی ڕاستی و واقیعی کۆمەڵگەی کوردی ئەوسامان پیشان بدەن.

٦. دەبێ هەوڵەکانی بزاڤی تەغریبی ئەدەبی بەکارێکی داهێنەرا سەیر بکرێت، چونکە لەناو بەرهەمێکی ئەدەبی خۆماڵی و ژیانی تاکی کورد لە کۆمەڵگە هەنگاوی دەناو ئێش و ئازارەکانی ڕۆڵەی کوردی دەخستەڕوو. لێرەوە ئەدەب دەبێتە ئاوێنەیەکی کۆمەڵگەو بەویستی ڕۆژگار کار دەکات و کەتیایدا لەدایک دەبێت، ئاستی پێشکەوتنەکەی ئەدەبی ئەوسای خۆی دەستنیشان دەکات.

**لیستی سەرچاوەکان**

**سەرچاوە کوردییەکان**

ـــ ئاغۆک، ئاری (٢٠١١)، بزاڤی تەغریبی، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر.

ـــ شەوڕۆ، فازیل (٢٠١٣)، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

ـــ حیتۆ، ئەرشەد (٢٠١٢)، دادائیزم دهۆزانا نوێخوازا کوردیدا (١٩٨٥ـ ٢٠٠٢)، چاپخانەی هەوار، دهۆک.

ـــ سلێوە، هاوژین (٢٠١٣)، خۆری دەق و ئاوێزەی ڕەخنە، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

ـــ عەلی، بەختیار (٢٠٠٥)، خوێنەری کوشندە، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

ـ غەمبار. کەمال (٢٠٠٨)، بەرەوجیهانی شیعری چەند شاعیرێک، چ١، بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

- قادر, سەرکەوت سەعدی(٢٠١١)، نامۆی لە ڕۆمانەکانی (سەلاح عومەر)دا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولیر.

ـ قەرەچەتانی، د. کەریم شەریف (٢٠١٠)، هەندێک نەخۆشی و گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

ـــ ئاغۆک، ئاری (٢٠١١)، بزاڤی تەغریبی، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر.

سەرچاوە عەرەبییەکان

ـــ برکات، د. حلیم (٢٠٠٦)، الاغتراب من الثقافه العربیه متاهات الإنسان بین العلم والواقع، ط١، مرکز دراسات الوحدة العربیه، بیروت.

ـــ شاخت، ریتشارد (١٩٨٠)، الإغتراب، ت: کامل یوسف حسین، ط١، المؤسة العربیة.

ـــ ناجی، مصطفی(١٩٨٠)، بعض استعمالات مفهوم الاغتراب من النظریة الاجتماعیة، منهج (العلوم الاجتماعیة)، جامعة الکویت

ـــخلیل، جواد محمد (٢٠٠٩)، الإغتراب و علاقنه بالصحة النفسیة، ط١، دمشق

فەرهەنگ

كوردی

ــ خاڵ، شێخ محەمەد (١٩٧٩)، فەرهەنگی خاڵ، سلێمانی.

ـــ هـەژار (١٩٩٣)، فەرهەنگی هەمبانـە بۆرینـە (كـوردی ـــ فارسـی)، تـاران.

نامە ئەكادیمییەكان

كوردی

- زاهیـد، كاظـم محەمـەد(٢٠١٥)، پێوەنـدی بەكارهێنانـی تـۆرە كۆمەڵایەتیـەكان بـە نامۆبـوون لای گەنجانی زانكۆ- فەیسـبوک، نامـەی ماسـتەر، كۆلیـژی پـەروەردە، زانكـۆی سـلیمانی.

ـ سـەعید، شـیرین سـەعید محەمـەد (٢٠٠١)، نامۆیـی لـە شـیعرەكانی شـێركۆبێكەس دا، نامـەی ماسـتەر، كۆلێـژی زمـان، زانكـۆی سـلێمانی.

ــ عەبدولرەحـمان، محەمـەد سـاڵح (٢٠١٣)، (نامۆیـی لەشـیعرەكانی ڕۆسـتەم باجـەلان) دا، نامـەی ماسـتەر، كۆلیجـی ئەدەبیـات، زانكـۆی سـەلاحەدین.

ـــ عەبدوڵڵا، شـوانە نـووری (٢٠١٤)، چەمكـی نامۆیـی و ڕەنگدانـەوەی لـە شـیعری نوێخـوازی كوردیـدا، (جەمـال غەمبـار، دلاوەر قەرەداغـی، هیـوا قـادر)، نامـەی ماسـتەر، كۆلێـژی زمـان، زانكـۆی سـەلاحەدین.

ــ قـادر، ئـارام محەمـەد (٢٠٠٧)، نامۆیـی لـە شـیعری كوردیـدا كرمانجی خوارووی(١٩٧٥ـــ ٢٠٠٠)، نامـەی ماسـتەر، كۆلێـژی زمـان، زانكـۆی سـلێمانی.

عەرەبی

ـــ زیتـو، محمـد ذنـون (١٩٩٨)، الحمار الاقتصـادي والإغـتراب الاجتماعي وآثرهـا مـن سـلوك الطبـة، ڕیسـالة ماجسـتير، كليـة التربيـة، جامعـة الموصـل.

ـ محمـود، شريـف ملعنـي عبـده محمـود(٢٠٠١)، دراسـة الاغـتراب وعلاقتـه بمستوى الضصـوع لـدى طلابالثانـوى العـالم و الفنـى والصناعـى ـــ دراسـة مقارنـة، رسـالة ماجستر، جامعـة عـين شـمس، قسـم الدراسـات النفسـية والاجتماعيـة.

گۆڤارەكان

ـ ئاغۆک، ئاری (٢٠٠٣)، بزاڤی تەغریبی ٤، چاپخانەی منارە، هەولێر

-ـ ئاغۆک، ئاری (٢٠٠٣)، بزاڤی تەغریبی٣، چاپخانەی میدیا، هەولێر.

ـــ ئاغـۆک، ئـاری، (٢٠٠٣)، بزاڤـی تەغریبـی ٢، چاپخانـەی میدیـا، هەولێـر.

ـــ ئیبراهیـم، ڕەحیـم قـادر (هەلـۆ خانەقینـی) (٢٠٠٤)، تەغریـب، چاپخانـەی میدیـا، هەولێـر.

ــ بۆكانـی، سـابیر بەكـر (١٩٩٩)، شـۆڕش بوونەوەیـەک بـەرەو نـاخ وپانتـای نامۆبـوون، گۆڤـاری ڕامـان، ژ(٣٨)، هەولێـر.

- حەمـەد، یوسـف عوسـمان(٢٠٠٢)، ئەنتـی كەسـایەتی (خەسـلەتی نامۆبوونـی تـاک)، گۆڤـاری ڕامـان، ژ(٧٣)، هەولیـر.

- سـەباح، سـوارە(٢٠١٥)، نامۆبـوون لـە ڕوانگـەی ماركسـەوە، گۆڤـاری ڕامـان، ژ(٢٢٢)، هەولیـر.

ــ فـاڕووق، كەمـال (١٩٧٧)، فرۆیـد نامۆبوونی مـرۆڤ، گۆڤـاری كار وان، ژمـارە ١١٥، چاپخانـەی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری، هەولێـر.

ــ مەعـروف، د. كەمـال مسـتەفا (٢٠١٠)، سـەرەتای سـەرهەڵدانی نامۆیـی لـە شـیعری كوردیـدا، گۆڤـاری زانكـۆ، كۆلیجـی زمـان، ژ(٤٤)، زانكـۆی سـەلاحەدین، هەولێـر.

## ملخص

ملخص هذا البحث الذي بعنوان (تأريخ النشأة وأساس الحركة التغريبية) لايخفى في الأدب الكوردي الحديث بأن الحركة التغريبية كحركة أدبية ظهرت بعد نهضة الربيع سنة ١٩٩١ من قبل ثلاثة من مفكري وكتاب الحداثية في مدينتي أربيل وكويتجق وهم (روستةمباجةلان، د. كمال معروف، عباس عبدالله). في مدينة أربيل بتأريخ ٢٠٠١/٥/٢٨ بعنوان (نحو الحركة التغريبية) أصدروا بيانهم، ففي بداية البيا نوهوا بذلک وقالوا (هذا الملخوق يولد في النوور وبإرادته يتجه نحو الظلام) هؤلاء حاولوا أن يشاركوا في حياة الفرد الكوردي في منظورهم الأدبي. وينجزوا عملا أدبيا محليا، ويتحدثوا عن المشاكل الموجودة المحدثة في حياة فرد الكوردي بعد النهضة، وحاولوا أن يظهروا الوجه الحقيقي للواقع الذى يعيشه الفرد الكوردي.احدى النقاط الجوهرية التي اهتم بها هؤلاء في الحركة التغريبية، هي اختار مصطلح (الغرابة) لأن هذا المصطلح من الناحية الفلسفية والأدبية له بعد واسع يستطيع أن يعمل في أغلب أبعاد المجتمع، مثل بعد (الساسي، والإجتماعي، الديني، الفكري، الأدبي...) إذا نظرنا إلى نتاجات هذا المذهب الأدبي مثل (الشعر، النثر، القصة) فنرى قد اهتموا بالناحية الغرابة، وخاصة في شعرهم، لأن الشعر أخذ مساحة واسعة في أربع المجلات الصادرة من قبل الحركة، والشعراء هم الذين استطاعوا أن يعبروا وينوهوا هذه الظاهرة عن طرق أشعارهم.

الكلمات الدالة: (حركةالمنفى،الاغتراب،التمرد،الحنين،الشتات)



## Abstract

The study entitled (The History of Emergence and the Basis of the Westernization Movement), is not hidden in the modern Kurdish literature that the Westernization movement as a literary movement appeared after the spring uprising in 1991 by three thinkers and writers of modernism in the cities of Erbil and Koysinjaq, and they are (Rostama Bajalan, Dr. Kamal Maarouf, Abbas Abdullah). In the city of Erbil on May 2001 ,28, entitled (Towards the Westernization Movement), they issued their statement. At the beginning of the statement, they noted this and said (This creature is born in the light and by its will it turns towards darkness). These people tried to participate and interfere in the life of the Kurdish individual from their literary perspective. And they perform a local literary work, and they talk about the existing problems that occurred in the life of the Kurdish individual after the uprising, and they tried to show the true face of the reality that the Kurdish individual lives in. One of the essential points that those in the Westernization movement cared about, is that they chose the term (strangeness) because this term is in terms of Philosophical and literary has a broad dimension that can work in mostaspects of society, such as the aspect (the political, the social, the religious, the intellectual, the literary...) If we look at the results of this literary school such as (poetry, prose, the story), we see that they have paid attention to the strange aspect. Especially in their poetry, because poetry took up a wide space in the four magazines issued by the movement, and the poets were the ones who were able to express and mention this phenomenon through their poetry.

Key words: (westernization Movement, Alienation, Rebellion, Nostalgia, Diaspora )